بیمە BEMA
ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان
Bema organization for Economic and Social Rights

# ئیکۆفێمینیزم



# ئیکۆفێمینیزم

ڕێبین فەتاح

٢٠٢٢

ناوی کتێب: ئیکۆفیمینیزم
نووسین: ڕێبین فەتاح
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٢٠٥) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بیمە
زنجیرە: (١)

BEMA بیمە
ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان
Bema organization for Economic and Social Rights

bemaorganization13@gmail.com
www.Bema-social.org

# پێڕست


پێشەکی ........................................................ ٩
سەرهەڵدانی چەمکی ئیکۆفێمێنیزم ................................١٢
پەرەپێدانی ئیکۆفێمێنیزم..................................................٢٢
ڕەهەندە هزرییەکانی ئیکۆفێمێنیزم.............................. ٣٠
یەکەم؛ ڕەهەندی کەلتووری–هێمایی ......................... ٣٢
دووەم؛ ڕەهەندی ئەزموونگەریی.................................. ٤٠
سێیەم؛ ڕەهەندی ئیپستمۆلۆژی................................... ٤٦
ژن و ژینگە و پەرەپێدان
چوارچێوەی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان .......................٥٢
تێڕوانینی ئیکۆفێمێنیزیم بۆ پەرەپێدان............................٦١
سەرچاوەکان؛.............................................................. ٧٤

ڕێکخراوی بیمە لە دیدێکی فکری سیاسی ئابووری مێژووییەوە دەڕوانێتە چوارچێوەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان، سەرهەڵدانی ئیکۆفیمینیزم لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا، دابڕاو نییە لە لێکەوتەکانی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالاری.

لەسەروبەندی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە و شەپۆلێکی تازەی بزووتنەوەی فیمینستی، چەندین بزووتنەوەی دیکەی کۆمەڵایەتی سیاسی لە هەناوی نیولیبرالیزم لەدایک دەبن، بە ئامانجی پێشکەشکردنی جێگرەوەیەکی دیکەی مرۆییانە .

بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و لەدەستدانی بەشێکی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانەکانی کەشوهەوا هاوکاتە لەگەڵ چڕبوونەوەی زیاتری دەسەڵات و سەرمایە لە چنگی کەمینەیەک کە ڕێژەکەی ١٪ لە ڕێژەی گشتی کۆی دانیشتووانە!

هەرچەند بمانەوێت لە دیدێکی ناسیاسییانە بەمانا باوەکەی باسی ژینگە و ژن بکەین، ناتوانین خۆمان لابدەن لە باسکردنی سیستەمی باڵادەستی سەرمایەداری و لێکەوتەکانی .

دەستبردنی ڕێبین فەتاح، توێژەری ئەم توێژینەوەیە بۆ پرسێکی وەها لە چوارچێوەی ئیکۆفیمینیزم بەلای ڕێکخراوی بیمە شایانی پاڵپشتیکردنە .

ئێمە ڕووبەڕووی بابەتێکی ناکۆک و دژیەک دەبینەوە لە نێوان شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کەلتووری پیاوسالاری لە بەرانبەر پارێزگاریکردن لە ژینگە و پرسی یەکسانی ڕەگەزی. گۆڕانی کەشوهەوا و گەرمبوونی گۆی زەوی و قەیرانە ژینگەییەکان، یەکێکە لە گرنگترین خاڵی لاوازی سیستەمی سەرمایەداری لە چەرخی ئەمڕۆماندا.

بەم تێگەیشتنە بوونی مرۆڤ و هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووان لەسەر زەوی هۆکار نییە بۆ تێکچوونی زەوی، بەڵکو شێوازی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و شێوەی دابەشکردنی سامان و بەکارهێنان و کەڵەکەکردن و دەست بەسەرداگرتن و گۆڕانی بەها مرۆییەکان، هۆکارن بۆ گۆڕانەکانی کەشوهەوا و باڵادەستی کەلتووری پیاوسالاری .

کاتێک باس لە ژینگە و ژن دەکەین، تەنیا باسێک نییە لە چوارچێوەی گۆڕینی سلوک و هۆشیاری تاک کورت بکرێتەوە، بەڵکو ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە چوارچێوەی گۆڕانکاری هەیکەلی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ – مرۆڤ– ژینگەدا.

ئەمڕۆ دەبینین چۆن خۆشگوزەرانی پەیوەستکراوە بە مرۆڤێکی مەسروفگەرایی بەکاربەری ڕووت، لەم پێناوەشدا دەست بۆ هەموو زانستە دەرونییەکان براوە بۆ هێرشکردنە سەر ئەقڵی مرۆڤ، لەوەها سیستەمێکدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ لەگەڵ ئەوی دی و سروشتیش، لە هەیکەلەوە دەگۆڕدرێت.

**هیوا عومەر**

سەرۆکی ڕێکخراوی بیمە

بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان

٢٠٢٢/١١/١٢

## پێشەکی:

سەرهەڵدانی ئیکۆفێمێنیزم لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکاندا، گوڕێکی دیکەی بە فێمێنیزم و ئەو مشتومڕانەش دا، لەبارەی ژینگە و بەتایبەت لە پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە یان مرۆڤ و سروشتی نامرۆیی لەئارادابوون.

ئیکۆفێمێنیزم هەر بانگەشەیەکی سادەی بەیەکەوەگرێدانی ژن و سروشت نەبوو، بەڵکو زۆر بە قووڵی چووە ناو چەندین بوار و کایە و گفتوگۆی هەمەچەشنەوە؛ پێوەست بە چەوساندنەوەی ژنان و سروشت لە بندەستی سیستەمی پیاوسالاریی و ڕەنگدانەوەی بندەستی ژن و سروشت لە بەرانبەر سەردەستی نێردا، کە چۆن بە قوڵی چووەتە ناو کولتووریی ئەوروپایی-ڕۆژئاواییی، لەکۆتاییشدا خستنەڕووی ڕێوشوێن و ڕێگەچارەسەریی، لەپێناو ئازادبوونی ژن و سروشت لە بندەستی و ستەمی پیاوسالاریی و هەوڵدان بۆ جیهانێکی باشتر، کە بە ئاشتکردنەوەی سروشت و کەلتوور، مرۆڤ و مرۆڤ بەرپا دەبێت.

ئیکۆفێمێنیستەکان بە هەموو جیاوازییەکانییانەوە، لە بنچینەیەکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە؛ ژن و سروشت لە پەیوەندییەکی پتەودان، ژن بە سروشت و پیاو بە کولتوورەوە گرێدراوە، ئیکۆفێمێنیزم بەشوێن ڕیشەکێشکردنی پیاوسالارییەوە، بەخۆی و هێما شوێنەوارییەکانییەوە، لەپێناو ئازادبوونی ژن و سروشتدا. کە وەها دەردەکەوێت، هەموو ئەو سیستەم، دامەزراوە، نۆرم، بەڵکو هەموو ئەو زانست و تەکنۆلۆژیایەی پیاوسالاریی بەرهەمی هێناوە، لایەنگیریی ڕەگەزیی هەیە و دژەژن و دژەسروشتە.

نەک هەر زانست و تەکنۆلۆژیا، بەڵکو بۆ هەندێک لە ئیکۆفێمێنیستەکان هەموو بانگەشەکانی «پێشکەوتن» و «پەرەپێدان»، ناونانەکانی وەک کۆمەڵگەی «پێشکەوتوو» و «دواکەوتوو» لە ئاستی جیهانیدا، هەڵقوڵاوی هەناوی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-ئابووریین، لەشێوەی پیاوسالاریی-سەرمایەداریی، کە بە لۆژیکی «کەڵەکەکردنی سەرمایە» دەڕواتە پێش و بەدەر لە «قازانج» و «سەرمایە»ی زیاتر و زیاتر، هیچی دیکە نابینێت.

لۆژیکی «کەڵەکەکردنی سەرمایە»ی پیاوسالاریی، لە داپڵۆسینی ژن و سروشتەوە دەستپێدەکات و هیچ سنوورێک ناناسێت، هەردوو ژن و سروشت لە سەرچاوەی بوون و بەرهەمەوە، بۆ پاسیڤ و ناچالاک دەگۆڕێت.

بۆ ئیکۆفێمێنیستەکان، پیاوسالاریی بەدرێژایی هەزاران ساڵ، دووالیزمێکی هەرەمی سروشت/کولتوور، مرۆڤ/نامرۆڤ، پیاو/ژن و ...هتد بەرهەمهێناوە، جۆرێک لە پلەبەندیی ڕەگەزیی دروستکردووە، بەردەوام یەکێک لەسەرووی «ئەویتر»ەوە دەوەستێت، لە شێوەی کولتوور باڵاتر لە سروشت و پیاو لەسەرووی ژن و ئەو دووالیزمەش تەواوی کولتوور و هزری ئەوروپایی-ڕۆژئاوایی داپۆشیوە. بەرەنگاربوونەوەی ئەو دووالیزمی پلەبەندی ڕەگەزییە، خەمی هاوبەشی کۆی ئیکۆفێمێنیستەکانە.

لێرەوە ئەم باسە، ڕوانگەی گشتی ئیکۆفێمێنیزم و ئەو بەرەوپێشڤەچوونەی لە بیرکردنەوەی ئیکۆفێمێنستەکاندا ڕوودەدات، ڕوون دەکاتەوە، ئاراستە هزرییەکانی کە پاساو بە بەیەکەوەگرێدراویی ژن و سروشت دەدەن، شیدەکاتەوە و لەپاڵ ئەوانەشدا، تێڕوانینی ئیکۆفێمێنیزم بەرانبەر هەندێک لە دەرهاوێشتەکانی سیستەمی پیاوسالاریی-سەرمایەداریی دەخاتە ڕوو، لەناویاندا هەڵوەستەکردن لەسەر «پەرەپێدان»، کە وەک دەردەکەوێت نیگەرانیی قوڵیی زۆرێک لە ئیکۆفێمێنیستەکان بێت.

## سەرهەڵدانی چەمکی ئیکۆفێمێنیزم

ئیکۆفێمێنیزم تیۆرییەکە لە بوارە جیاجیاکانی پرس و چالاکی فێمێنیستی لە بزووتنەوەکانی ئاشتی، بزووتنەوەکانی کرێکاران، چاودێری تەندروستی ژنان و بزووتنەوە دژە ناوکی و ژینگەیی و بزووتنەوە ڕزگارییەکانی ئاژەڵان گەشەی کردووە. لەو ڕوانگەیەوە «گرێتا گارد»، ئیکۆفێمێنیزم وەک چوارچێوەیەک دەناسێنێت کە داوای کۆتایی هێنان بە هەر ستەمێک دەکات، بە پێداگیریی لەسەر ئەو ئاراستەیەی کە هیچ هەوڵێک بۆ ئازادکردنی ژنان یان هەر گرووپێکی دیکەی چەوساوە، بەبێ هەوڵدانێکی یەکسان بۆ ئازادکردنی سروشت سەرکەوتوو نابێت . ( Gaard, 1993: 1).

کەواتە ئیکۆفێمێنیزم وەک لقێکی فێمێنیزم سەرنج لەسەر سروشت یان ژینگە چڕ دەکاتەوە، لە شیکردنەوەکانیدا پەیوەندی نێوان ژن و زەوی بە بناغە دەگرێت و پێی وایە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ژن و سروشت لە بندەستی و چەوسانەوە، دەبێت بەیەکەوە گرێدراو بێت.

بەگوێرەی "فرانسوا دی ئۆبۆن" کە بۆ یەکەمجار چەمکی ئیکۆفێمێنیزمی لەساڵی ١٩٧٤دا بەکارهێنا،

ئیکۆفێمێنیزم پەیوەستە بە ستەم و بندەستیی هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکان لە ژن، منداڵ و خەڵکی ناسپی و هـەژاران، کە ئەویش پەیوەندی بە ستەم و زاڵبوون بەسەر سروشت لە ئاژەڵ، خاک، ئاوهەوا و ..هتد هەیە. بەو شێوەیە ئیکۆفێمێنیزم لە پەیوەندی نێوان ژن و سروشت کە هەردووکیان لەلایەن سیستەمێکی پیاوسالارەوە بندەست کراون، دەدوێت . (Wareen, 2000: 1)

هـەروەک "شیڤا و میس"، ئیکۆفێمێنیزم بە "چەمکێکی نویێ بۆ ژیرییەکی کۆن" (Mies & Shiva, 13) پێناسە دەکـەن، ئـەو ژیـریـیـە کـۆنـە، گـوزارشـتـە لـەو پارادایمـە کۆمەڵایەتییەی سیستەمی دایکسالاریی، سەیرکردنی ژن وەک سەرچاوەی بوون و بەرهەم، وەک بەرهەمهێنەری ژیـان. لێرەوە ئیکۆفێمێنیزم وەک بەرەنگارییەک دژ بە سیستەمی سـەرمـایـەداریی-پـیـاوسـالاریـی دەناسێنرێت، چونکە ئەو سیستەمە؛ ژن لە هەموو خەسڵەتێکی چالاک و بەرهەمدار، (واتە ژن لە مرۆڤ) بەتاڵ دەکاتەوە. (Maria, 1981: 11).

لـە سـاڵی ١٩٧٤دا "فرانسـوا دی ئـۆبـۆن" فێمێنیستی ڕادیکاڵی فەرەنسی، چەمکی ئیکۆفێمێنیزم (ecofeminism)ی لە دەقی بناغەیی خۆی (Le féminisme ou la mort) دا کۆکردەوە. مەبەستی ئەو، نیشاندانی پەیوەندییەک بوو لە

نێوان ئەو ستەمەی بەرانبەر ژنان و ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر سروشت. "دی ئۆبۆن" داوای شۆڕشێکی ئیکۆلۆژی بە ڕابەرایەتی ژن دەکرد، لەپێناو ڕزگارکردنی هەسارەی زەوی کە "پیاوسالاریی" هەردوو ژن و سروشتی بندەست و دەچەوساندەوە ( Hatfield, 2005: 35). لەوکاتەوە، ئیکۆفیمێنیزم، بە ڕەچاوکردنی لایەنی ڕەگەزەیی (جێندەریی)، سەرنجی توێژەران و چالاکانی لە ئاستی جیاجیادا بۆ خۆی کێش کردووە، بە ئاراستەی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت یان سروشتی مرۆیی و نامرۆیی.

گەڵاڵەکردنی چەمکی ئیکۆفیمێنیزیم لەلایەن "فرەنسوا دی ئۆبۆن"ەوە، هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتاکانی دەستکردن بەو گفتوگۆ بەرفرەوانەی لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا، لەمەڕ ژنان و ژینگە دروست بوو، لەکاتێکدا لە وڵاتانی باکوور پەیوەندی بە بەشداری ژنان لە بزووتنەوە ژینگەیی و ئاشتیخوازەکاندا هەبوو کە تا ئەوکات بەشداریی فێمێنیستەکان پێوەست بە قەیرانەکانی ژینگەیی پلەیەکی وەرنەگرت بوو، لە وڵاتانی باشووریشدا پەیوەندی بەو کێشانەوە هەبوو کە لە کەرتی دارستان و کشتوکاڵەوە سەرچاوەیان دەگرت؛ ناڕوونی لە دابینکردن و تێچوونی نەوت کە بەهۆی قەیرانی وزەوە دروست ببوو لەلایەک

و لەلایەکی دیکە بەرزکردنەوەی داوای کەمکردنەوەی بەکارهێنانی دار وەک سەرچاوەی وزە، کە وایدەکرد بیر لە وزەی جێگرەوە بکرێتەوە. (Rico, 1998: 21).

جیاوازییەکە لە گەڵاڵەکردنی ئیکۆفێمێنیزمدا ئەوەیە، بە جیاواز لە هەموو باسەکانی ژن و ژینگە یان سروشت، ئیکۆفێمێنیزم پەیوەندییەکانی نێوان ژن و سروشت بە چەمک دەکات، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە، هەروەک پێداگیریی لە گەڕانەوە بۆ "پرەنسیپێکی فێمێنیتی" کە هارمۆنیەت و بەردەوامیەتی و فرەچەشنی مسۆگەر دەکات.

سەرهەڵدانی ئیکۆفێمێنیزم لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا، وەک شەپۆلی سێیەمی فێمێنیزم، بە تەنیشت شەپۆلی دووەمی "فێمێنیزم" و "بزووتنەوەی سەوزە"وە، دادەنرێت. لەو ڕوانگەیەوە کە ئیکۆفێمێنیزم توخمەکانی بزووتنەوە فێمێنیستی و سەوزەکان پێکەوە گرێ دەدات، لە هەمانکاتدا ئالنگارییەک پێشکەش بە هەردووکیان دەکات؛ لە بزووتنەوەی سەوزەوە؛ نیگەرانی لە کاریگەری چالاکییە مرۆییەکان لەسەر جیهانی نامرۆیی، و لە فێمێنیزمیشەوە وەک "جێندەر" و لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە نیگەرانییەک لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژنان بندەست و ئیستغلال و سەرکوت دەکرێت، وەردەگرێت . (Mellor: 1997: 1).

بـەو شـێـوەیـە ئیکۆفیمێنیزم، بـزووتـنـەوەی سـەوز (وەک بزاڤێکی ژینگەیی) و فیمێنیزم (وەک بزاڤی ژن) نـەک هـەر بـەیـەکـەوە گـرێ دەدات، بەڵکو دیدگەیەکی فرەوانتر وەک ئەنجامی تێکەڵکێشکردنی هـەردوو ڕوانگە فیمێنیستی و ژینگەییەکە دەخاتە ڕوو. بە کورتی ڕوانگە ئیکۆفیمێنیزمییەکە پێی وایـە؛ نـە بـزووتـنـەوەی سـەوز دەتوانێت بەبێ ڕەچاوکردنی ژن و نە فیمێنیزم دەتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژینگە ئامانجەکانی بپێکێت. لەکاتێکدا ئێکۆفیمێنیزم جیاوازی ڕەگەزیی لەناو قەیرانەکانی ژینگەییدا دەدۆزێتەوە یان بە مانایەکی دیکە قەیرانەکانی ژینگەیی لە هەناوی ئەو سیستەمە پیاوسالارییەدا دەدۆزێتەوە کە ژنانی بندەست و سروشتی ڕووبەڕووی هەڕەشە کردووەتەوە. لەبەرئەوەیە دەبینین ئیکۆفیمێنیستەکان هەر ڕەخنەکانیان ڕووبـەڕووی سیستەمە پیاوسالارییەکە ناکانەوە، بەڵکو ڕەخنە لە ئیکۆلۆژیی نافیمێنیستیش دەگرێت، کە ڕەچاوی تێکهەڵکێشی نـێـوان بـاری ژینگە و کۆمەڵایەتی ناکات (Cuomo, 200: 19).

گوزارشتە بەناوبانگەکەی پلانت (تیۆرڤانی ئێکۆفیمێنیزم): "دەستدرێژیکردنە سەر سروشت لەزۆر ڕووەوە میتافۆرێکە بۆ دەستدرێژیکردنە سـەر ژن" (Alilister 2004: 8)، بەڕوونی پێکەوەیی نێوان ژن و سروشت وەک بوار و

بەڵکو دیدگەی ئیکۆفێمێنیزم دەخاتە ڕوو، کەواتە مادام پیاوسالاریی هۆکاری کێشەیەکە، پێویستە هەموو شێوەکانی پیاوسالاری ڕیشەکێش بکرێت، بۆ ئەوەی هەم ژنان و هەم سروشت لە کۆیلایەتی ئازاد بکرێت، بەڵکو ئەو هەسارەیەی لەسەری دەژین ڕزگار بکرێت.

لەو ساڵانەدا، هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی ژینگەوە دەکران، دەرفەت و پاڵنەرێکی بەهێزبوون بۆ ئەوەی فێمێنیستەکان ڕووئیای خۆیان لەو بوارەدا بخەنە ڕوو. بەدڵنیاییەوە لێکدانەوە بۆ پرسەکانی گرێدراو بە قەیرانی ژینگەیی، فرەهۆکار و جیاواز بوون، لەناویاندا هەڵوەستەکردنێکی چڕ لەسەر پرسی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووان و قەیرانی ژینگەیی، وەک یەکێک لە هۆکارە پاڵنەرییەکانی خودی "دی ئۆبۆن" لە گەڵاڵەکردنی چەمکی ئیکۆفێمێنیزمدا ئامادەیە. لەکاتێکدا "دی ئۆبۆن" پێی وا بوو، زۆرێک لە قەیرانەکان لەوکاتەوە تەنیا خراپتر بوون: قاتوقڕی، تێکچوونی ژینگە، پیسبوون، وێرانکردنی خاک بەهۆی کشتوکاڵی تاککولتووری و پەینی کیمیایی. ستراتیژی پیشەسازی ناووکی، لە پێشکەشکردنی وزەی ناووکی وەک تاکە ڕێگەچارەی ڕاستەقینە بۆ قەیرانی وزە و ڕەوتی گۆڕینی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە کۆگای خۆراک بۆ سەرمایە، کێشە و قەیرانەکانی پێوەست بە گۆڕانی

کەشوهەوا، پرسی وزە و کۆنترۆڵکردنی توانای زاوزێی ژنان، هەموو ئەوانە بەرجەستەی یەکتربڕییەکانی ئیکۆلۆژی و فیمێنیزمە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی پیاوسالارییدا، کۆنترۆڵی ژنان بەسەر هەموو ئەو کێشانەدا لەناودەبردرێت. ئەنجامی هەموو ئەو قەیرانە ئیکۆلۆژییانە، هێنانەئارای کارەساتێکی جیهانییە و ئێمە شاهیدی قۆناغەکانی کۆتایی کارەساتە چاوەڕوانکراوەکەین:

جیهان لە چاوەڕوانی شۆڕەسوارێکە پێشتر نەبینرابێت، کە وا دیارە لەکۆتاییدا چاومان بکاتەوە؛ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە کارەساتە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، ئەگەر درەنگ بێت بۆ پووچەڵکردنەوە، لەپێناو ئایندەیەکی جیاواز سەرکەوین، دەبێت بەتەواوەتی لە هۆکارە مێژوویی و جیهانییەکانی ئەو قەیرانە تێبگات و بەهێزی دنیای سبەینێی بنبڕی بکات، بە چەند وشەیەک: «ئەوەی وێرانمان دەکات لەناوی ببەین» (Johnson, 2013: 48).

ئاراستە زاڵەکە بانگەشەی ئەوە دەکات؛ زۆربوونی دانیشتوان، واتە لە دایکبوونی زیاتر، هەروەها تێکدانی ژینگە، واتە زیاد بەکارهێنان (Vakoch & Mickey, 2018: 18). ئەو لێکدانەوەیە، بەئاراستەی پێداگیریی لەسەر گێڕانەوەی مافی منداڵبوون و زاوزێ لە پێناو "کۆنترۆڵیی دانیشتووان"دا، دواجار کاریگەر دەبێت لەسەر بەشێک لە فیمێنیستەکانیش

و لەناویاندا "دی ئۆبۆن"، بیرکردنەوەیەک کە ڕەگ و ڕیشەی لە تیۆرییەکەی "ماڵتۆس"ەوە درێژ دەبێتەوە، بەڵام لە قۆناغی دواتردا، هزرڤانانی ئیکۆفێمێنیست بەتایبەت لە دەیەی هەشتاکانەوە زۆر بە توندی دژی دەوەستنەوە.

تیۆریی دانیشتووانی تۆماس ماڵتۆس (1766–1834)، بە یەکێک لە گرنگترین بەندەکانی نێوان ژینگە و تیۆری کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەدا، دادەنرێت. ئەو، "گەشەی دانیشتووان"ی وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر پێشکەوتن دەبینی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەرهەمهێنانی خۆراک هیچ کات هاوتای گەشەی دانیشتووان نابێت. ژمارەی دانیشتووان بەشێوەیەکی ئەندازەیی (2، 4، 6، 8) زیاد دەکات، بەڵام بەرهەمهێنانی خۆراک بەشێوەی ژمێرکاریی (1، 2، 3، 4) زیاد دەکات. کەواتە جیاوازییەکی تەواو لەنێوان توانای زەوی بۆ دابینکردنی خۆراک و ژمارەی دانیشتووان هەیە، لەبەرئەوە باسی لەوە کرد کە پێدانی سەرچاوەی زیاتر بە هەژاران تەنیا ژمارەیان زیاد دەکات، بۆیە پێشنیازی کرد؛ دەوڵەت دەست بۆ یارمەتیدانی هەژاران درێژ نەکات، بەڵکو هانبدرێن بۆ ئەوەی کەمتر منداڵیان هەبێت (Barry 2007: 61–62)

تیۆری دانیشتووان لەلایەن چەندین هزرڤانی دیکەیشەوە پاتە کراوەتەوە، کتێبەکەی "پۆل ئار ئیرلیچ" لە شەستەکانی

سـەدەی ڕابـردوودا؛ "بۆمبی دانیشتووان"، جارێکی دیکە تیۆرەکەی ماڵتۆس بیردەخاتەوە؛

«دادپەروەرانەیە بڵێین ژینگەی هەموو بوونەوەرێک، مرۆیی و نامرۆیی، لەسەر ڕووی زەوی، لەژێر کاریگەریی تەقینەوەی دانیشتوان بووە. وەک ئەنجامی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەم تەقینەوەیە، ئێستا هەندێک زیندەوەر وەک کۆتری گەڕۆک لەناودەبرێن، زۆری دیکە وەک ئاژەڵە گەورە کێوییەکانی هەموو کیشوەران، ژمارەیان زۆر کەمی کردووە. هێشتا ئەوانی دیکە وەک جرجی زێراب و مێشی نـاومـاڵ، چێژ لە ژمـارەی زۆری دانیشتوان وەردەگـرن. بەڵام ئەمانە ئەنجامی ئاشکران و ڕەنگە کەمتر گرنگبن لە گۆڕانکاری وردتر لە تۆڕی ئاڵۆزی ژیان و لە سوڕی کیمیایی سروشتیدا. ژینگەناسان-لە بایۆلۆژستەکان، لە پەیوەندی ڕووەک و گیانلەبەران و کاریگەریی لەسەر ژینگەکەیان دەکۆڵـنـەوە، بەتایبەت نیگەرانیی ئـەو گۆڕانکارییانەن. ئـەوان بۆیان دەردەکـەوێت کە سیستەمەکانی ئیکۆلۆژی (ئیکۆسیستەم) چەند بە ئاسانی تێکدەچێت-لە ئەنجامی تەقینەوەی دانیشتووواندا (Ehrlich 1988: 26)

هـەرئـەوکـات "گـارێـت هـاردیـن" لـە "تـراژیـدیـای کۆمۆنەکان"دا، نەک ئازادی زاوزێکردنی وەک "تێکدان بۆ هەمووان" لێکدایەوە، بەڵکو ئەوپەڕی نیگەرانی بەرانبەر

بە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشان دا، لە بەرانبەر ناساندنی خێزان وەک یەکەی سروشتی و بنەڕەتی کۆمەڵگە، کە هەر هەڵبژاردن و بڕیارێک سەبارەت بە قەبارەی خێزان بە خودی خێزانەوە پێوەست دەکات بەجۆرێک کە هیچ کەس و لایەنێک پەیوەندی پێوە نابێت، ئەوەش ئازادی زاوزێکردن و وەچەنانەوە دەستەبەر دەکات. بەڵام بەبۆچوونی "گارێت"، ئـازادی زاوزێکردن و دابینکردنی مافی یەکسان بۆ هەر کەسێک کە لە دایک دەبێت، "جیهان لە کردارێکی تراژیدیدا قفڵ دەکـات"؛ لەو ڕوانگەیەوە پێداگیری دەکرد کە دەبێت بە ئاشکرا نکوڵی لە ڕاستی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بکەین، هەروەها دەبێت بەشداری بکەین لە هەوڵدان بۆ ئەوەی پلانی دایک و باوکایەتی - جیهانی دانیشتووان بەدەست بهێنرێت "بۆ ڕێگرتن لە هەڵەی باوەشکردنەوە بۆ هەمان نموونەی تراژیدی" (Garrett, 1968).

ئیکۆفێمێنیستەکان هەر لە هەشتاکانەوە بەتایبەت زۆر بەتوندی دژی ئەو بانگەشەیە وەستانەوە کە قەیرانی ژینگەیی و هەژاربوون و کێشەکانی دیکەی بۆ "گەشەی دانیشتووان" دەگێڕایەوە، ئەو تێکۆشانە، بەشێک لە کامڵبوونی هزری ئیکۆفێمێنیزم پێکدێنێت، کە لە باسی داهاتوودا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

## پەرەپێدانی ئیکۆفێمێنیزم

ئەو بیرۆکەیەی قەیرانە ژینگەییەکانی بۆ هەڵکشانی قەبارەی دانیشتووان دەگێڕایەوە، لەلایەن ئیکۆفێمێنستەکانی دەیەی هەشتا و نەوەدەکاندا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند کرایەوە، لەناویاندا؛ «ماریا میس، کلاودیا ورلهەف، ڤیرۆنیکا تۆمسن، ڤاندانا شیڤا» و چەندانی دیکە. خوێندنەوەی نوێی ئەوان بۆ قەیرانە ژینگەییەکان و ئەو دۆخە نەخوازراوەی ژنـان بەگشتی تێیکەوتبوون، وەک چۆن دروستکردنی مشتومڕێکی جدی بوو لەمەڕ هۆکارەکانی قەیرانی ژینگەیی و دۆخی ژنـان، هاوکات گڕوتینێکی نوێی بە خودی ئیکۆفێمێنیزم دا؛ لە فرەوانکردنی ئاسۆکانی هزری ئیکۆفێمێنیزم و بەشدارییان لە گفتوگۆکردنی پرسی ژن و ژینگە و سەرمایەداریی و کەڵەکەکردنی سەرمایە، کە بە خوێندنەوەی ئەوان نەک هەر هۆکاریی قەیرانە ژینگەییەکانە، بەڵکو بەرپرسیشە لە چەوساندنەوەی ژن.

ئیکۆفێمێنیستەکانی دووایـی، نـەک هـەر بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو بانگەشەیە بوونەوە کە قەیرانەکان بۆ گەشەی دانیشتووان دەگێڕێتەوە، بەڵکو ڕوونیان کردەوە،

سەرچاوەی قەیرانەکە لە سیستەمی سەرمایەداریی-پیاوسالاریی و لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایە کورت دەبێتەوە، کێشەکە لە دەستڕاگەیشتن و دابەشکردنێکی نایەکسانی سەرچاوەکانە، لەکاتێکدا کەمینەیەک لە وڵاتانی «پێشکەوتوو» دەستیان بەسەر زۆرینەی سەرچاوەکاندا گرتووە، زۆرینەی ئەوانی دیکە، دەستیان بە کەمترین سەرچاوە ڕادەگات. ئەو نادادپەروەرییە لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکاندا، گرێدراوی لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایەیە، کە ڕەچاوی مرۆڤ و سروشت بەگشتی ناکات و تەنیا ڕووی لە قازانجە. لەو ڕوانگەیەوەیە، ئیکۆفێمێنستەکانی وەک «ماریا میس، کلاودیا ورلهەف و ڤیرۆنیکا تۆمسن»، هەر لە زووەوە بانگەشەی ڕوانگەیەکی دیکەیان وەک جێگرەوەی سیستەمی سەرمایەداریی-پیاوسالاریی دەکرد، کە بە ڕوانگەی بژێوی (Subsistence Perspective) ناودەبرێت.

ئەو ڕوانگەیە بە پێچەوانەی ”کەڵەکەکردنی سەرمایە“ کە لۆژیکی سیستەمی سەرمایەداریی-پیاوسالارییە، پێداگیریی لەسەر ڕادەی پێویستی بەرهەمهێنان و بەکاربردن دەکات. بەڵام ڕوانگەی بژێویی هەر مۆدێلێکی ئابووری نییە، بەڵکو ئاراستەیەکی نوێیە، کە بە شێوەیەکی نوێ سەیری ئابووری دەکات، ئەوە مانای ئەوەیە کە تەنیا بەسەر

ئابووریدا ناچەسپێت، بەڵکو بەسەر کۆمەڵگا و کولتوور و مێژوو و هەموو بوارە گونجاوەکانی دیکەدا پیادە دەکرێت؛ بژێویی پێچەوانەی بەرهەمی کاڵایە، لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی کاڵا ئامانجی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، بەرهەمهێنانی گشتی کاڵا، واتای هەر شتێک کە هەیە، دەبێت بۆ کاڵایەک بگۆڕێت. ئەمڕۆ بەتایبەتی لە خولی جیهانگیریدا بەرهەمهێنانی "بژێویی" ئامانجێکی تەواو جیاوازی هەیە، کە بریتییە لە دابینکردنی ڕاستەوخۆی پێداویستی مرۆڤ. ئەمەش لە ڕێگەی پارە و بەرهەمهێنانی کاڵاوە بە دەست نەهێنراوە: "ئێمە باس لە "بەرهەمهێنانی ژیان" دەکەین نەک "بەرهەمهێنانی کاڵا" (Mies, 2005).

ئەو دیدگە ئیکۆفێمێنیستییە، پێداگیریی لەسەر گۆڕانێکی ڕیشەیی لە بواری ئابووری، بەرهەمهێنان و بەکاربردن و دووبارە پێناسەکردنەوەی زۆر کایە و چەمک دەکات. لەوڕووەوە دەتوانرێت شیکردنەوەی "کلاودیا ڤۆن ویرلهەف" بۆ "ڕوانگەی بژێویێ" بە چەند خاڵێک ڕوون بکرێتەوە؛

١-دەبێت دووبارە ئابووری لەکۆمەڵگەدا بنیات بنرێتەوە، ئابووری تەنیا یەکێکە لە چالاکییە مرۆییەکان کە یارمەتی هێنانەدی ژیانێکی باش بۆ هەمووان دەدات.

٢- دەبێت چەمکی "ژیانێکی باش" پێناسە بکرێتەوە،

چەمکی نوێی ژیانی باش، واتای بەردەوامیدان بە کەلوپەلی هەرزان نییە، بەڵکو ڕەچاوکردنی "پێویستی خەڵک"ە.

٣- دەبێت هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان بگۆڕێن: پەیوەندییە ناهەرەمییە نوێیەکان دەبێت لە نێوان کاری فکری و دەستی و لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەردا بنیات بنرێنەوە. هەموو چەوسانەوەیەک، زاڵکردنی پەیوەندییە داگیرکارییەکان، دەبێت بۆ پەیوەندیی دوولایەنە: یەکڕیز، ڕێزگیراو و هاوبەش بگۆڕێت.

٤- پێویستە لە کۆمەڵگای نوێ هەموو پەیوەندییە پیاوسالاری، توندوتیژ و ...هتد لەناوببرێت: بۆ نموونە، پێویستە چەمکی "کار" پێناسە بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کارێک، لەوانە کاری ماڵ، کاری جووتیاری خۆبژێو و ...هتد "بەها"یان پێبدرێت.

٥- ئابووری بژێوی تەنیا ڕێگە بە تەکنەلۆژیایەک دەدات، خزمەت بە ژیان بکات، تەکنەلۆژیا بەخۆڕایی نرخی نابێت. بەرهەمهێنانی بژێوی لە "پێشبڕکێ" دوور دەکەوێتەوە؛ لەجیاتی ئەوە هاوکاری و هەرەوەزی بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی دەوڵەمەند بۆ هەمووان دابین دەکات (Werlhof 2007: 13-27).

"راگنلد سۆڵند" لە ڕاڤەکردنی چاپی ساڵی (2014)ی ئیکۆفێمێنیزم کە یەکەمجار لە ساڵی 1993دا لەلایەن "ماریا

میس و ڤاندانا شیڤا“ بڵاوکرایەوە، جگەلە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو گۆڕان و بەرەوپێشڤەچوونانەی لە بیرکردنەوەی ئیکۆفێمێنیستەکاندا دروست بووە، ئاماژە بە فراوانبوونێک لە ڕووئیای ئیکۆفێمێنستەکاندا دەکات و هەروەک لە بەراوردکردنی چاپەکانی خودی ”ئیکۆفێمێنیزم“یشدا، هەمان ئاراستەی گۆڕانکاریی ڕوون دەکاتەوە. ئەو پێی وایە، زۆر شت لە بیرکردنەوەی ئیکۆفێمێنستەکاندا لە چەمکەکان و ڕوانگەکانیدا، گۆڕانی بەخۆوە گرتووە؛ دادپەروەریی ژینگەیی، ئیکۆلۆژی و دادوەریی جۆری (هەمەجۆری ژیان) زیادکراون، ڕوانگەکان دان بە مافی هەمووواندا دادەنێن لە ژینگەیەکی دوور لە پیسبوون بژین. هەروەک مافی ژینگە درێژکراوەی مافەکانی مرۆڤە. لەگەڵ ئەوەشدا، وا سەیری دەکرێت کە جۆرەکانی دیکە کە سیستەمی ژینگەیی پێکدەهێنن، لە ناویاندا ئاژەڵە نامرۆییەکان، دەبێت مافی ژیانێکی دوور لە چەوسانەوە و دەستدرێژی و مردنی پێشوەختەی هەبێت. ئیکۆفێمێنیستەکان بەگشتی بۆ ئەمرۆی جیهانی نوێ مشتومڕی ”بەها فێمێنییەکان“ دەکەن؛ ”نووسەرانی ئیکۆفێمێنیزم چالاک بوون، ئەوان گۆڕانکاری ڕاستەقینەیان دەوێت، نەک تەنیا گفتوگۆ یان شیکاری ئەکادیمی“ (Sollund, 2015: 100).

زۆرێـک لـەوان بەتوندی ڕووبـەڕووی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداریی-پیاوسالاریی بوونەوە، ئایدیۆلۆژیایەک لە کۆتاییدا قەیرانێکی گەورەیی ژینگەیی و مرۆیی هێناوەتە ئارا و لەو چوارچێوەیەشدا ژنان بەتوندی ئیستغلال کراون. وەک ئەوەی "ڕۆهنسۆن" بە گەڕانەوە بۆ "دی ئۆبۆن" ئاماژەی بۆ دەکـرد، باوکسالاری ڕاستەوخۆ کۆمەڵگەی گەورانە دژی بچووکان، چینێکە دژی یەکێکی دیکە، نەتەوەیەک دژی نەتەوەیەکی دیکە، هەر پیاوێک دژی پیاوێکی دیکە، لەکۆتاییدا؛ شەڕی هەمووانە لە دژی هەمووان (Johnson, 2013: 55).

یەکێک لـەو پرسـانـەی ئیکۆفێمێنیستەکان بـەوردی هەڵوەستەیان لەسەر کرد، قەیرانی ژینگەیی و کاریگەریی لەسەر هەژاریی و لەناویاندا زیاتر هەژارکەوتنی ژنان بوو، لەکاتێکدا لۆژیکی سەرمایەداریی-پیاوسالاریی هیچ بەهایەک بۆ کارەکانی ژنان بەنموونە لەناو خێزان دانانێت و نیشاندەرە ئابوورییەکان ئەو کارانە ناخوێننەوە، واتە هیچ "پارە"یەک لە بەرانبەریان نادرێت، هەموو ئەوانە بەسەریەکەوە ژنان لەناو هەژارییەکی زیاتردا دەهێڵنەوە.

"دیانا پیرس" پسپۆڕی کۆمەڵناسی لە ساڵی ١٩٧٨ەوە ئەمکی بە ژنبوونی هەژاریی "feminization of pov-erty" بۆ گوزارشتکردن لە زیاتر هـەژاربوونی ژنان

بەکارهێنا بوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، هەژاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە خێرایی بووە بە "فێمێنیزم"، بەئاماژەدانی "پیرس"؛ لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا و لە ساڵی ١٩٧٦دا ژنان نزیکەی دوو لەسەر سێی ڕێژەی هەژاریی دانیشتوانیان پێکهێناوە و هەندێک گرووپی تایبەتیش وەک ژنانی پیر یان ڕەشپێست کاریگەری زیاتریان لەسەر دروست بووە. بەڵکو باری ژیانی ژنان بەگشتی بەرەو خراپتر چووە. (Villinger 2005: 13).

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، نیشاندەرە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن کە ژنان ڕێژەی زۆرینەی هەژارانی جیهان پێکدێنن، خودی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەر لە زووەوە، باسیان لەوە کردووە، ستراتیژیەتی دژەهەژاریی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ گرەنتیکردنی پەرەپێدانی بەردەوام (UNEP 1990: 14)، بەڵام وەها دەردەکەوێت ئەو هەژارییە لەناو ژناندا هێشتا بەردەوامە و ستراتیژیەتی دژەهەژاریی کە یەکێک لە بنچینەییەکانی "پەرەپێدانی بەردەوام" پێکدێنێت، ئامانجی خۆی نەپێکاوە، بەڵکو پاش دەیان ساڵ لە بەکارهێنانی چەمکی (بەژنبوونی هەژاریی) لەلایەن "دیانا پیرس" و ساڵانێکی دوور و درێژ لە کارکردن لەسەر بەرنامەکانی "پەرەپێدان" لە ئاستی جیهاندا، نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٠٢٠)دا، جارێکی

دیکە جەخت لەسەر ”بە ژنبوونی هەژاریی“ دەکاتەوە (UN, 2020: 12)، ئەو نیشاندەرانە، پاساو بە هزر و ڕوانگەی ئیکۆفێمێنیستەکان دەدەنەوە، نەک هەر پێوەست بە هەژاریی زیاتر لە ڕیزەکانی ژناندا، بەڵکو لە نیگەرانیی زۆریان بەرانبەر بانگەشەکانی ”پەرەپێدان“ کە لەلایەن چەندان ئیکۆفێمێنیستەوە بە درێژکراوەی کۆلۆنیالیزم لەلایەک و لەلایەکی دیکە بانگەشەی گەیشتنی وڵاتانی جیهانی سێیەم و تازەسەربەخۆ بە ئاستێکی ستانداردی ”پێشکەوتن“ و ”پەرەپێدان“ وەک ”وەهم“ لە قەڵەم دەدرا.

هەندێک توێژینەوەی دیکە لەناو کۆمەڵگای ئەمریکاییدا، نیشانیانداوە، ژنان و پیاوان لە چوارچێوەی خێزاندا، بە یەک ئاست لەژێر کاریگەریی هەژارییدا نین، جیاوازییەکە ئەوەیە؛ پیاوان زۆرینەی سامانەکەیان بۆ خودی خۆیان بەکاردەهێنن نەک بۆ ژن و منداڵ و خێزانەکانیان، ژنان بە پێچەوانەوە زۆرینەی داهاتی کار و وزەیان، لە دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان خەرج دەکەن (Eaton & Lorentzen, 2003: 9). ئەو ئەنجامانە، دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەن کە قەیرانەکانی ژینگەیی، هەژاریی و دۆخە نەخوازراوەکانی دیکە، بە ئاستی جیاجیا کاریگەریی لەسەر دانیشتووان بەپێی ڕەگەز و جۆری کۆمەڵایەتی دادەنێت.

هەموو ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەی ئیکۆفیمێنیستەکان لە چەندین بوار و کایەدا، گرێدراو بە ژن، ژینگە و سیستەمی ئابووری-کۆمەڵایەتی (پیاوسالاریی-سەرمایەداریی) هێنایانەئارا، بەشێکبوون لە فراوانکردنی ڕووئیا و بیرۆکەکانی ئیکۆفیمێنیزم بۆ گۆڕینی سیستەمە زاڵەکە، نەک تەنیا ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە.

## ڕەهەندە هزرییەکانی ئیکۆفێمێنیزم

چەمکی «دۆخی سروشتی» وەک ئامرازێک لەلایەن تیۆرستە جیاجیاکانەوە بۆ ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە و پاساوهێنانەوە بۆ تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەخۆیان بەکارهێنراوە. بە شێوەیەکی سادە؛ دۆخی سروشتی ئاماژە بە قۆناغێکی پەرەسەندنی مرۆڤ دەکات وەک دۆخی «پێش کۆمەڵایەتی»، واتە مرۆڤ پێش دروستبوونی کۆمەڵگا، دەوڵەت، دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی، یاسا و ...هتد چۆن بووە. مرۆڤ لەو قۆناغەی پەرەسەندندا، وەک ئاستێکی نزمتری پێش قۆناغی «شارستانی» وێنا کراوە، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدا دروست دەبێت و دەزگاکانی وەک دەوڵەت و بازاڕ دادەمەزرێن.

ڕیشەی هەڵوەستەکردن لەمەڕ «دۆخی سروشتی» بۆ هزرڤانانی پێشین دەگەڕێتەوە و دواتریش لەچوارچێوەی

زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا وردتر سەرنجی لەسەر چڕکراوەتەوە. وەک ئەوەی «ڕۆسۆ» پێی وا بوو؛ سروشت و ژینگەی سروشتی نوێنەرایەتی ڕەسەنایەتی و پاکێتی دەکات لە بەرانبەر لێکەوتە نەرێنییەکانی ژیانی شارستانی. نامۆبوون لە سروشت سەرچاوەی نەهامەتییەکانی مرۆڤە، و ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ تێڕوانینی نەرێنی هەریەک لە هۆبز و لۆک بۆ دۆخی سروشتی کە بەگشتی پێیان وا بوو؛ دۆخی سروشتی هەماهەنگ نییە یان وەک ئەوەی دۆخێکە مرۆڤ ئاسایش و سەقامگیری نییە، بەڵکو پێویستی بە «پێشکەوتن» هەیە و ئەو دۆخە سەرەتایی یان زۆرجار بە»دواکەوتوو» ناوزەد دەکرێت، لەڕێگەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە چارەسەر دەکرێت. بەڵام ڕۆسۆ بە نیشاندانی ئەوەی ئەو کێشانەی ئاماژەی بۆ دەکرێت؛ سروشتی نین، بەڵکو کۆمەڵایەتیین، سروشت وەک ستانداردێکی ئەرێنی دەخاتە ڕوو. (Marks 2002: 481).

هزرڤانانی ئیکۆفێمینیست لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە، زۆرترین سەرنجیان لە پەیوەندی سروشت و مرۆڤ چڕ کردووەتەوە، زۆرینەی ئەوان وێنەیەکی میتافۆڕیی لە نێوان ژن و سروشتدا دەکێشن، بە پێداگیریی لەسەر ئەوەی ژن بە سروشتی خۆی، لە سروشتەوە نزیکترە. ئەو تێگەیشتنەشیان لەڕوانگەی بایۆلۆژی و

کۆمەڵایەتی مشتوماڵ کردووە. لێرەوە هەوڵدەدەین ئاراستە هزرییەکانی ئیکۆفیمێنیزم لە پەیوەندی ژن و سروشتدا ڕوون بکەینەوە.

لەکاتێکدا هەریەک لە ئاراستە هزرییەکانی ئیکۆفیمێنیزم لە هەناوی خۆیدا، بە دووپاتکردنەوە لە نزیکایەتی ژن و سروشت پاساو دەدرێتەوە، بەڵکو سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەریەک لەو ئاراستە هزرییانە، لە بنەڕەتدا بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیەیە کە ژن و سروشت لە پەیوەندییەکی نزیکدا یەکدەخات، زیاتر لەوەش پەیوەستییان دەکات، بەڕادەیەک کە هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر سروشت بە دەستدرێژیی بۆ سەر ژن لێکدەداتەوە.

## یەکەم: ڕەهەندی کەلتووری-هێمایی

یەکێک لە ڕەهەند و ئاراستە هزرییەکانی ئیکۆفیمێنیزم، هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو چەمک و هێمایانەی لە کولتووری ئەوروپایی-ڕۆژئاوایی ڕەنگدانەوەی هەیە و پلەبەندییەک لەشێوەی دووالیزمی هەرەمی بەرهەم دەهێنێت. مەبەستەکە ئەوەیە کە کولتووری پیاوسالاریی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ڕەگەزیی «کولتوور» لە «سروشت» سەرچاوە دەگرێت، بەو شێوەیەی کە خەسڵەت و بەهای پیاو لەگەڵ کولتووردا پەیوەستن، لەبەرانبەردا تایبەتمەندی

و بەهای مێیینە لەگەڵ سروشتدا پەیوەست کراوە. ئەو شێوە لە دووالیزم هەرەمیی یان پلەبەندییە، بەردەوام نێرینەیی و خەسڵەتەکانی، بەسەر مێینەیی و خەسڵەتەکانیدا زاڵ و بەهادار دەکات.

پرسەکە گرێدراوی زمانە، زمان وەک ئاوێنەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە، کە تیایدا ژن بە ڕەگەزە سروشتی و ئاژەڵییەکان وەسف دەکرێت، بە ئاژەڵیکردن یان بە سروشتیکردنی ژن لە کولتوورێکی پیاوسالاردا کە تێیدا ئاژەڵ بە کەمتر لە مرۆڤ (پیاو)، و ژن وەک بندەست و لاواز سەیر دەکرێت، ئەوە لەلایەن ئیکۆفێمێنیستەکانەوە وەک بەڵگەیەکیش لەسەر نزیکایەتی و پەیوەندی ژن و سروشت بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵکو هەر لەناو ئەو زمان و کولتوورەدا، بە ژنکردنی سروشت دووبارە دەکرێتەوە، بەنموونە چەمکگەلێکی وەک زەوی دایک و ...هتد، واتە سروشت بە مێینە نیشان دەدات، «وارین» ئەو دۆخەی بە «فێمێنیزمکردنی سروشت و ئاژەڵ»، لێکدایەوە؛ «چەوساندنەوەی ژنان بە بەسروشتیکردنیان دەکرێت» (Wareen, 1997: 12). لەڕاستیدا دووالیزم وەک ڕێگەیەک بۆ لێکدانەوەی جیاوازیی لە ڕووی لۆژیکی پلەبەندی هەرەمییەوە، لە لایەن زۆرێک لە فێمێنیست و ئیکۆفێمێنیستەکانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە، تەنیا فێمینیزمی لیبراڵ نەبێت، کە کولتووری زاڵ پەسەند

دەکات، ئەو چەمکەی زۆر بەکارنەهێناوە. (Plumwood, 1993: 32).

ئەو کۆمەڵە دووالیزمە هەرەمییەی خوارەوە، پلەبەندیی ڕەگەزیی لە هزر و کولتووریی ڕۆژئاوایی ڕوون دەکاتەوە (Barry, 2007: 185)؛

پلەبەندی ڕەگەزی لە هزر و کولتووری ڕۆژئاوایی

| | |
|---|---|
| کولتوور Culture | سروشت Nature |
| پیاو Men | ژن Women |
| مرۆڤ Human | نامرۆڤ Non-human |
| لۆژیک Reason | سۆز Emotion |
| مێشک Mind | جەستە Body |
| ئەبستراکت Abstract | کۆنکرێت Concrete |
| ئامانج Objective | بابەتی Subjective |
| گشتی Public | تایبەت Private |
| بەرهەمهێنان Production | بەرهەمهێنانەوە Reproduction |
| عەقڵانیەت Rationality | هەست Intuition |
| پێشبڕکێ Competition | هاوکاری Co-operation |
| توندوتیژی Violence | ناتوندوتیژیی Non-violence |

بەو شێوەیە ژن و سروشت بە شێوەیەکی چەمکی و هێمایی لە دنیابینی ئەوروپایی-ڕۆژئاواییدا، پێکەوە گرێدراون. بەپێی ئیکۆفێمینیستەکان، کولتووری ئەوروپا-ڕۆژئاوا پەرە بە بیرۆکەیەک سەبارەت بە جیهان دەدات، کە بە شێوەی دووالیزمی هەرەمی دابەش و پلەبەند کراوە. پێکهاتە دووچەمکییە دووانەییەکان؛ ژن؛ بە ژنیەتی؛ جەستە، سێکس، زەوی یان سروشت و ماتریاڵیەت دەناسێنێت، پیاو؛ بە پیاوەتی، عەقڵ، ئاسمان، سەرووسروشتی، بەرجەستە دەکاتەوە. دووالیزمی وەک هۆکار/سۆز، عەقڵ/جەستە، کولتوور/سروشت، ئاسمان/زەوی و پیاو/ژن کە تیایدا ئەفزەڵیەتی یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا دەسەپێنێت.

وەک ئەوەی ئەو سیستەمەی سەردەستەیی و زاڵبوون لە باری کۆمەڵایەتییەوە ڕەنگرێژکراوە، ئامرازە هزرییەکان بۆ پەسەندکردنی ئەو زاڵێتییە، وەک ڕەنگدانەوەی «سروشتی شتەکان» و «ویستی خودا/خوداوەندەکان» پاساوی بۆ دەهێننەوە. کۆدە یاساییەکان گەشەیان بە پێناسەکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی زاڵ و سەردەستەیی پیاوان بەسەر ژن و کۆیلە و ئاژەڵ و زەویدا وەک موڵک و سامان داوە. ئەم کۆدە یاساییانە وەک پێدراوێک لەلایەن خودا/ خوداوەندەکانەوە وێناکراون. چیرۆکەکانی خەلقکردن بۆ وێناکردن و هێشتنەوەی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە

هەرەمییە وەک خۆی، بە ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنێکی سەرووسروشتیی دادەنێت. (Ruether2012: 25).

بەو شێوەیە ئیکۆفێمینیستەکان ئەم جووتکردنە بە دووالیزمی هەرەمی ناودەبەن کە ئاماژە بە لۆژیکێکی سەردەستەیی دەکات کە مێژوو و دنیابینی ئەورووپا-ڕۆژئاوای گەمارۆ داوە. ئایین و فەلسەفە و زانست و هێما کولتوورییەکان ئەم دنیابینییە دووپات دەکەنەوە، کە دەسەڵاتی نێر بەسەر هەردوو ژن و سروشتدا بە (سروشتی) دادەنێت. لێرەوە هەموو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەروەردە، سیاسەت و حوکمڕانی، کۆنترۆڵی ئابووری و نۆرمی سێکسی، ڕەنگدانەوەی ئەم لۆژیکی سەردەستییەیە.

"کارین وارین" ئەو دووالیزمە هەرەمییە، وەک چوارچێوەیەکی چەمکی سەرکوتگەرانە وێنا دەکات، کە پلەوپایەی خود (نێر) بەسەر ئەویتر (مێ)دا بەرزتر دەنرخێنێت، ئەو پلەوپایە ڕەگەزییە لە مێژوویدا بە "نێر" و "سپی" و "عەقڵانیی" وەک "کولتوور" دیاری کراوە، لە بەرانبەر ئەوەی لە مێژوویدا بە "مێیینە" دراوە؛ خەسڵەتی "سۆزداریی" و "سروشت" (یان سروشتی)، بەپێی ئەو بەها دووالیزمییانە، نێر یان سپی یان عەقڵانی، لە مێ، یان ڕەش، یان سۆزداری باشترە. (Wareen 2000: 46).

کەواتە دووالیزم پرۆسەیەکە شوناسێکی جیاواز بە

هەردوو لایەنەکە دەدات؛ گەورە و کۆیلە، داگیرکەر و داگیرکراو، خۆبەزلزان و خۆبەکەمزان، خود و ئەویتر، نێر و مێ، ژن و پیاو، مرۆڤ و سروشت. کێشەکە ئەوەندە سادە نییە، لەکاتێکدا کارەکتەری کۆیلە لە بەرانبەر کولتوور دەچەسپێنێت، بەو مانایەی ئەو کارەکتەرە، لە سروشتی خۆیدا بەو شێوەیە، ئەوەش وەک دەردەکەوێت بە هەموو ئامراز و ئاراستە هزرییەکانی هەڵقوڵاویی ناو سیستەمە پیاوسالارییەکە پاساو دەدرێتەوە.

بەو شێوەیە، کولتووری ڕۆژئاوا و بەڵکو زۆر کولتووری ناڕۆژئاواییش ئیمتیازاتی "نێرینەیی" بە تایبەتمەندی (هۆکار، هزری ئەبستراکت، عەقڵ، کولتوور، بەرهەمهێنان) لە سەرووی ئەویتر (مێینە) بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی (سۆز، هزری کۆنکرێت، جەستە، سروشت و منداڵبوون) دیاری دەکات. وەها دادەنرێت کە سروشت و ژن هەردووکیان لە ئاستێکی نزمتری کولتووردان، کولتوور بە شێوەیەکی ڕەمزی و مێژوویی لەگەڵ پیاواندا پەیوەست بووە، لەکاتێکدا کارە فیسیۆلۆژییەکانی ژنان لە منداڵبوون و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بە نزیکتر لە سروشت سەیر دەکرێت (Barry, 2007: 185).

دووالیزمی چەمکێکی سەنتەرییە بۆ تێگەیشتن لە پێچەوانەکردنەوەی بەهاکان هەم لە ژن و هەم لە سروشتدا.

دووالیزمی کولتووری ڕۆژئاوا لە چەندین ئاراستەوە لە فێمێنیستی هاوچەرخ و بیری ڕەخنەییەوە، لە پۆست بونیادیی و فێمێنیزمی پۆستمۆدێرنیستییەوە تا ئیکۆفیمێنیزم، بەردەوام هەڵوەستەی لەسەر کراوە و ڕووبەڕووی ڕەخنە کراوەتەوە. دووالیزم ئەو پرۆسەیەیە کە چەمکەکان بە پێچەوانەوە (بۆ نموونە شوناسی ڕەگەزی نێرینەیی و نێرسالاریی) بە زاڵبوون و بندەستکردنی ژن پێک دێت. لە دووالیزمدا لایەنە زاڵەکە، بە بنەڕەت و سەرەکی وەردەگیرێت و لایەنی بندەست لە پەیوەندیدا پێناسە دەکرێت، کەواتە ژن وەک ئەوی دیکە دروست دەکرێت، وەک ئەوەی "ڕۆزماری ڕادفۆرد ڕۆتەر" بە "سروشتگەرایی زاڵبوون"، گوزارشتی لێدەکرد، بۆ ئەوەی وەک دۆخێکی سروشتی نیشان بدرێت یان ناسنامەی هەردوو ئایتمە سەردەست و بندەستەکە و وەک سروشتی یان "حەتمی" دەربکەوێت. (Plumwood, 1993: 32)

یەکێک لە تێگەیشتنە گرنگەکانی ئیکۆفێمێنیستەکان ئەوەیە کە دووالیزمی مرۆڤ/سروشت لەگەڵ دووالیزمی نێوان ژن و پیاودا یەکدەخات، وەک چۆن دووالیزمی مرۆڤ/سروشت لە ڕووی مێژووییەوە وەک پاساوێک لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت کە دنیای سروشتی وەک تەنیا مادەیەک ئیستغلال دەکات، دووالیزمی (پیاو/ژن)یش وەک پاساوێک

بۆ هەڵوێست و کردەوەی خۆسەپێنانەی پیاوان بەرانبەر ژنان بەکاردەهێنرێت. بابەتیبوون بە زۆری دەخرێتە پاڵ نێریەتی و نێرسالاری، لە کاتێکدا مێینەیی و مێیینایەتی بە ئامانج دەگیرێت. ئیکۆفێمێنیستەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابــردووەوە، ئەو دووالیزمانە دەنـاسـن و جێگرەوەیان پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەو دووالیزمانە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان تێپەڕدەکەن و ڕەگوڕیشەیان بەناو مێژووی شارستانییەتێکی هـەزاران ساڵە و بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی پیاوسالاریی دەگەڕێتەوە (Vakoch & Mickey 2018: 9)، لەسەر ئەو بنەمایە؛ دووالیزمەکان ئەوەندە قووڵ ڕۆیشتوون، کە دەیان ساڵیان پێویستە بۆ ئەوەی ئیکۆفێمێنیستەکان بتوانن چارەسەری بکەن. بەو حالەیشەوە ئەوەی وەک ئامانجی سەرەکی ئیکۆفێمێنیزم دەردەکەوێت، ئەوەیە کە لە کۆتاییدا هەردوو ژن و پیاو بەشێکن لە سروشت و کولتوور (-wa reen, 1987: 59)، ئەو ئاراستەیە هەم پیاو بۆ سروشت دەگێڕێتەوە و هـەم بەشداریی کـارای ژن لە کولتووردا جێگیر دەکات. ئامانجەکە پێویست بە بەشداریی هەردوو ژن و پیاو دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دووالیزمەی لە کولتووردا و لەناو زمان و هێماکاندا هەیە، بەو شێوەیە پەرە بە کولتوورێکی جێگرەوە دەدرێت کە نە پیاو بە سروشت و نە ژن بە کولتوور نامۆ نییە.

## دووەم: ڕەهەندی ئەزموونگەریی

شیکردنەوەکانی ئیکۆفیمێنیزم لەمەڕ پەیوەستیی ژن و سروشت، دوو ئاراستەی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بەگشتی بە ئیکۆفیمێنیزمی کولتووری و ئیکۆفیمێنیزمی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئیکۆفیمێنیزمی کولتووری، پەیوەندییەکی بەهێز و ئەرێنی لە نێوان ژن و سروشت دادەنێت؛ لەڕێگەی کرداری زاوزێی مێینە وەک منداڵبوون و بەخێوکردنی منداڵ و ئەوەش وەک دۆخی بەرهەمهێنەری سروشت سەیر دەکات. لەکاتێکدا ئیکۆفیمێنیزمی کۆمەڵایەتی سەرنجی خۆی لەسەر ئەوە چڕ دەکاتەوە؛ لەبەرئەوەی ژن و سروشت هەردووکیان لەلایەن کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەوە بندەست کراون، هەروەک ژن لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی لە پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا دەیگێڕێت، یان بەهۆی ئەوەی هەردوو ژن و سروشت لە بندەستییدا هاوبەشن، کەواتە ژنان پەیوەندییەکی باشتریان لەگەڵ سروشت هەیە (Hatfield 2005: 35).

لێرەوە گرنگە جیاوازیی لەسەر بنەمای بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ڕوون بکرێتەوە؛ لەسەر ئاستی سێکس (جیاوازی بایۆلۆژی) و ئاستی جێندەر (بیروباوەڕ و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی) لەخۆدەگرێت، بەو واتایەی ڕەگەز تایبەتمەندییەکانی خۆی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە

وەردەگرێت، هەر لەبەرئەوەیە ڕەگەز وەک "جۆری کۆمەڵایەتی"، پێناسە دەکرێت. لەڕوانگەی ئیکۆفێمێنزمیشەوە لە هەردوو ئاستی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدا نزیکایەتیی و پەیوەندیی لە نێوان ژن و سروشتدا هەیە، تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانی وەک؛ منداڵدان، منداڵبوون، شیردان، دایک، بەخێوکەر و ...هتد بە تەواوەتی لە تایبەتمەندییەکانی سروشتن وەک سەرچاوەی بوون و بەرهەم، وەک بەخێوکەر و لەخۆگر (وەک لەخۆگریی مرۆڤ). هاوکات وەک ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن، دیسانەوە نزیکایەتی تەواو لەگەڵ سروشت هەیە. ئەو نزیکایەتییەش گرێدراوی ڕۆڵەکانی ژنە لە کۆمەڵگەدا، بۆنموونە ژنان لە سەرچاوەکانەوە ئاو بۆ ماڵ دەگوازنەوە، خۆراک ئامادە دەکەن و هتد.

"سروشت کێشەیەکی فێمێنیستییە"، دەکرێت بە دروشمی ئیکۆفێمینیستەکان ناوببرێت (Wareen 2000: 20). مەبەستەکە ئەوەیە کە بە تێگەیشتن لە کێشەکانی سروشت (قەیرانی ژینگەیی) دەتوانرێت لە کێشەکانی ژنان وەک بندەستی و هەژاریی و ...هتد تێبگەین. ئەم دروشمە ڕوونی دەکاتەوە کە درەخت و ئاو و بەرهەمهێنانی خۆراک و ئاژەڵ و سروشتی نامرۆیی کێشەی فێمێنیستیین. ئیکۆفێمێنیزم بانگەشەی ئەوەی دەکات، بە تێگەیشتن لە کێشەکە دەتوانرێت لە پەیوەندی نێوان هەیمەنەی سەر ژنان و گرووپە مرۆییە

بندەستەکانی تر و هەروەها هەیمەنەی سروشتی نامرۆیی تێبگەین. زیانگەیاندن بە سروشت کێشەی ژنانە، چونکە ژنان و منداڵان بەو هۆیەوە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت (Asmarani 2018: 129).

مەبەستەکە ئەوەیە؛ ژنان بەهۆی پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە یان بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تێییدان، زیاتر لە ژێر کارتێکەری سروشت و بەدیاریکراوی گۆڕانەکانی کەشوهەودان، واتە لە پەیوەندییەکی زیاتردان، وەک ئەوەی ئاژانسی ژنانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا پێوەست بە ژنان و پەتای کۆڤید19 لە 2020 دا، دووپات لەسەر کاریگەریی زیاتری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ژنان دەکاتەوە؛ بەهۆی نایەکسانی دەستگەیشتن بە سەرچاوە بنەڕەتییەکان، وەک زەوی، ئاو، وزە، دارایی، زانیاری و تەکنەلۆژیا؛ وا دەکات ژنان لە بەرانبەر گۆڕانی کەشوهەوادا زۆر لاوازتربن و توانای خۆگونجاندنیان کەم بێت، نۆرمە کۆمەڵایەتییە جیاکارییە ڕەگەزییەکان، ڕێگری و وەڵامدانەوەی گۆڕانکاری کەش و هەوا و COVID–19 بۆ ژنان سەختتر دەکات (UN, 2020: 10)

گوزارشتە بەناوبانگەکەی پلانت (تیۆرڤانی ئیکۆفێمینیزم): "دەستدرێژیکردنە سەر زەوی لە زۆر ڕووەوە میتافۆڕێکە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژن" (ALILITER 2004: 8)،

بەڕوونی دووانەیی نێوان ژن و سروش دەخاتە ڕوو. یان بە دەربڕینی ئاریەل؛ "هەمان ئەو کردە پیاوسالارییەی ژینگە پیس دەکات، لە چەوساندنەوە و دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان بەرپرسە" (salleh 1993: 93). ئەو نزیکایەتییە، وا دەکات ژنان بەراورد بە پیاوان خاوەن ئەزموونێکی زیاتربن لەگەڵ سروشتدا. لە بنەڕەتیشدا ئیکۆفێمێنستەکان زۆر بە چڕی تێکۆشاون لەپێناو نیشاندان و سەلماندنی ئەو ڕایەڵانەی ژن و سروشت بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەو جەختکردنەوەیەش نەک هەر لە ئاستی نووسین و توێژینەوەی ئیکۆفێمێنستەکاندا، بەڵکو لەلایەن ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا، بەردەوام ئاماژەی بۆ کراوە.

وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانی (UNEP)دا بەردەوام ئاماژە بە سروشت بەپێی جۆری کۆمەڵایەتی دەکرێت، وەک توانایی و شارەزایی زیاتر و بەڵکو دووپاتکردنەوە لە پەیوەندییەکی بەتینتر لەنێوان ژنان و ژینگەی ناوخۆیی، لەو ڕاستیاییەشدا زۆرجار بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوە ئیکۆفێمێنیستەکان دەگەڕێنەوە، وەک گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکەی "سیرا لیۆن" کە ئاشکرای کردووە ژنان ٣١ جۆری بەکارهێنانی ڕووەک و درەختیان زانیوە، لەکاتێکدا پیاوان تەنیا هەشت شێوە لە بەکارهێنانیان زانیوە، یان توێژینەوەیەکی دیکە کە دەریخستووە، ژنە جووتیارەکان ١٤٥ جۆر لە ڕووەکی دارستانیان ناسیوە و بەکاریان هێناوە (UNEP, 2004: 36).

ئەو نزیکایەتییەی نێوان ژن و سروشت بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە، لە "ئەزموونی کرداریی"ەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو ڕوانگەیە هەروەک پێی وایە پەرەسەندنە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیا، بایۆتەکنۆلۆژیا و ئەندازیاریی بۆ ماوەیی و تەکنۆلۆژیای زاوزێ-پێوەست بە لەدایکبوون-لەڕووی ڕەگەزییەوە لایەنگرییان بۆ پیاوان هەیە، بەو واتایەی کە زانست و تەکنۆلۆژیا لایەنگرییەکی ڕەگەزییان هەیە و بەشێوازی تایبەتمەندیی پیاوسالاریی، دژە سروشت و کۆلۆنیالییە و ئامانجی لە بندەستکردنی ژناندا هاوشێوەی ئامانجیەتی لە دەستبەسەرداگرتنی توانا بەرهەمهێنەرەکانی سروشت. گوزارشتەکەی ژولی نیلسۆن؛ "پێشکەوتنی زانستی بەبێ سەرنجدان لە بەها مرۆییەکان، دەشێت خزمەت بە کۆتاییەکی نامرۆیی بکات" (Nelson 1995: 140)، دەکرێت وەک تێڕوانینێکی فێمێنیستانەیە وەربگیرێت.

ئەوە لەلایەن زۆر لە فێمێنستەکانەوە دووپات کراوەتەوە کە بنەڕەتی ئیکۆفێمێنیستی گەڕانە بەدوای پەیوەندییەکاندا، لەکاتێکدا پیاوسالاریی سەرمایەداریی و زانستەکانی، خەریکی پچڕاندن و پەرتەوازەکردنی هەر شتێکن کە ژیانی گشتی پێک دێنێت. ئەم بزووتنەوەیە هەر تەماشای لێکەوتەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژنان ناکات، بەڵکو بۆ ئاژەڵ و ڕووەک و بۆ کشتوکاڵ لە جیهانی سێیەم و هەروەها

لە سەروو هەموو ئەوانەوە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، ئەوان لەوە تێدەگەن کە ڕزگاری ژن بە تەنیا بەدی نایەت، بەڵکو وەک بەشێک لە تێکۆشانێکی گەورەتر بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە، ئەم بزووتنەوەیە هەروەها ئاسانکاری بۆ دروستکردنی پەیوەندی و تۆڕی نوێ دەکات. بەڵام ناتوانێت چاوپۆشی لەو زانست و تەکنۆلۆژیایە بکات کە لە ئاراستەی گشتیدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سروشت و ژن دەدات، وەک ئەوەی ژنێکی ئەفریقیی لە کۆنگرەیەکی بەنگلادیش بە بیستنی ئەو تەکنەلۆژیایانە هاواری کرد: "ئەگەر ئەوە پێشکەوتن بێت، ئێمە نامانەوێ، بیپێچنەوە!" (Mies & Shiva 2014: 16).

تێبینییەک هەیە کە ئەو بانگەشەیەی؛ "ژن لە باری بایۆلۆژییەوە لە سروشت نزیکترە"، ئایدیۆلۆژیای زاڵی پیاوسالاریی بەهێزتر دەکات و کاریگەریی ئیکۆفێمێنیزم سنووردار دەکات. وەک "ڕۆبین ئیکەرلی" ئاماژە دەکات؛ تا ئەو ڕادەیەی جیاوازی لە ئەزموونی جەستە لەنێوان ژن و پیاودا هەیە، هیچ هۆکارێک نییە کە مرۆڤ لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەوی دیکە بەرزتر بێت. کەواتە ماوەتەوە لە سەر پرسیارکردن لەوەی کە ئایا جەستەی ژن لە جەستەی پیاوان سروشتیترە؟ کەمکردنەوەی باری پیاو لەبەرانبەر ئەویدیکەی ژن، چونکە ناتوانن چالاکانە بەشداری لە ئاگایی

جەستەدا بکەن کە هۆشیارییەکی زیاتر بۆ ژن لە سروشت دەستەبەر دەکات، بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو دووالیزمە هەرەمییە پێچەوانە دەکاتەوە کە خودی ئیکۆفیمێنیستەکان هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدەن. (Anne 1993: 21).

خاڵە جەوهەرییەکە لە تێکۆشانی ئیکۆفیمێنستەکان بە ئاراستەی سەلماندنی پەیوەندی زیاتر لە نێوان ژن و سروشتدا، بەڵکو بەرزنیشاندانی ئەو پەیوەندییە تا ڕادەی جمکێتی ژن و سروشت، ئامانجێکی گرنگی لە پشتەوەیە، ئەویش بەهادارکردنی تایبەتمەندییەکانی ژنە، کە لە سایەی سیستەمی پیاوسالارییدا بێ بەها نیشاندراون. ئەگەر هزر و کولتووریی ئەوروپایی-ڕۆژئاوایی دووالیزمێکی هەرەمی لەسەر بنەمای ڕەگەز و جۆری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوە و تیایدا خەسڵەتە مێیینەییەکان بە کەم بەها تەماشا کراون، لە بەرانبەردا ئیکۆفیمێنیستەکان لەڕێگەی جەختکردنەوە لە پەیوەندی ژن و سروشتدا، بەها بۆ خەسڵەتگەلێکی بێ بەهاکراو دەگێڕنەوە.

## سێیەم: ڕەهەندی ئیپستمۆلۆژی

ئەگەر ژنان لە هەردوو بواری بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە لە پەیوەندییەکی نزیکتربن لەگەڵ سروشت، ئایا ئەو نزیکایەتییە، ئەنجامگیرییەکی دیکە دروست ناکات کە زانین

و مەعریفەی ژنان لەبارەی سروشت لە زانین و مەعریفەی پیاوان زیاترە؟ بەڕاشکاوی ئیکۆفێمێنیستەکان بە «بەڵێ» وەڵام دەدەنـەوە، هەر ئەوەش ڕەهەندی ئیپستمۆلۆژی لە هزر و بیرکردنەوەی ئیکۆفێمێنیزم پێک دێنێت.

ئەو ڕەهەندە ئیپستمۆلۆژییە لە شیکردنەوەی چەمکی ئیکۆفێمێنیزم لـەلایـەن «کـاریـن واریــن»ەوە بـە ڕوونـی دەردەکـەوێـت، ئـەو چەمکی ئیکۆفێمێنیزم لـەسـەر چـوار کۆڵەکەی بنچینەیی ڕادەگـرێـت؛ ١-) پەیوەندی پتەو لە نێوان چەوساندنەوەی ژنان و چەوساندنەوەی سروشتدا هـەیـە، ٢-) تێگەیشتن لـە سـروشـتـی ئـەو پەیوەندییانە پێویستە بۆ هەر تێگەیشتنێک لە چەوساندنەوەی ژنان و چەوساندنەوەی سروشت، ٣-) تیۆر و پراکتیکی فێمێنیستی پێویستە ڕوانگەیەکی ئیکۆلۆژی لەخۆبگرێت و هەروەها ٤-) چارەسەریی کێشەکانی ئیکۆلۆژی دەبێت بریتی بێت لەتێڕوانینێکی فێمێنیستانە. (Warren, 1987: 4–5)

پـێـداگـیـری لـەسـەر "تـێـڕوانـیـنـی فـێـمـێـنـیـسـتـانـە" بۆ چـارەسـەرکـردنـی کێشە ژینگەییەکان، بـە نزیکایەتی و پەیوەندی پتەوی نێوان ژن و سروشت پاڵپشتی دەکرێت. ڕاستییەکەی، لە دەرەوەی ئیکۆفێمێنیستەکان، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خاوەنداریێتیی لەهەمان ئاراستەی کار و بیرکردنەوە دەکەن،

وەک ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و پەرەپێدان (UNEP) ئاماژەی بۆ دەکات؛ ژنان و کچانی گەنج، ئەو کەسانەن لە سەرچاوەکانەوە ئاو بۆ ناو ماڵ دەهێنن، هەڵیدەگرن و بەکاری دەهێنن؛ (بۆ چێشتلێنان، پاککردنەوە، شوشتن، ئاودانی ئاژەڵەماڵییەکان)، لەو ڕوانگەیەوە پێویستە دەربارەی سەرچاوەکانی ئاو، سنووردارکردن و سوودوەرگرتن لە بەکارهێنان، شێوازە گونجاوەکانی هەڵگرتن و هتد بزانن، لەبەر ئەو هۆیە ژنان لە بارودۆخێکی زۆر باشتردان بۆ ئەوەی بە ڕەچاوکردنی ئەو فاکتەرانە، بەرنامە بۆ ئەو ئامانجانەی سەرەوە دابڕێژن" (UNEP, 1994).

سەرەڕای ئەوەی توێژینەوە ئیکۆفیمێنستییەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر بارودۆخی ژنان لە جیهانی سێیەم و یان لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا چڕ کردووەتەوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتر لە نێوان ژن و سروشتدا بەرجەستە دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە پەیوەندی نێوان ژن و ژینگە لە ڕۆژئاوا یان لە وڵاتانی پیشەسازییدا کەمتر دیارە، بەوەی زۆرینەی خەڵک لە سەرچاوەی دابینکردنی خۆراک و وزە و ئەو ئاوەی بەکاری دەهێنن، دوورن، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕەچاوکردنی لایەنی بایۆلۆژیی، ئەوە ژنانن کە منداڵەکانیان هەڵدەگرن و دەیانپارێزن و بەخێویان

دەکەن، هاوشێوەی خەسڵەتە سروشتییەکان و جگە لەوەش ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان لەناو ماڵدا نزیکیان دەکاتەوە لە هۆشیارییەک لە مەترسی ژینگەیی، جا چ بە بازاڕکردن بۆ خواردن (ئافرەت پێویستە ئاگادار بێت لەو خۆراکەی دەیکڕێت لەبارەی ئەو دەرمانە زیانبەخشانەی کە بۆ پاراستنی خۆراکەکە بەکارهاتووە)، هەروەک ئامادەکردنی خۆراک، یان گرنگیدان بە تەندروستی منداڵەکانیان. (Hatfield, 2005: 2)

هەردوو ڕوانگەی ئیکۆفێمێنیزم، لەبەرانبەر تایبەتمەندییە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنان کە وەک دەردەکەوێت هەڵسوکەوتێکی نەرێنی لەگەڵ کراوە، هەوڵدەدەن بەرەو خاڵێکی ئەرێنی ئاراستەی بکەنەوە، کە خۆی لە پێداگیریی لەسەر هەبوونی مەعریفەی زیاتری ژنان لەمەڕ سروشت و قەیرانەکانی ژینگەیی دەبینێتەوە. تەنانەت ڕوانگە بایۆلۆژییەکە تا ئەو خاڵە وردبووەتەوە کە میتافۆڕێک لە نێوان (سوڕی مانگانە)ی ژنان و خولی وەرزەکانی ساڵ بەرهەم بهێنێت و ئەوەش وەک پاساوی نزیکایەتی، بەڵکو وەک مەعریفەیەک بەرانبەر بە نوێبوونەوە و گۆڕانکارییەکانی سروشتی لەلایەن ژنانەوە بیخاتە ڕوو.

ئەوان بە پاتەکردنەوەی نزیکایەتی ژنان لە سروشتدا دەبن بە خاوەن "ئەقڵیی سروشتی" و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە

ئەو نزیکایەتییە، مەعریفەیەکی "تایبەت"یان پێدەبەخشێت کە وا دەکات بتوانن هەسارەی زەوی ڕزگار بکەن، و ئارەزووی "سروشتی" خۆیان بۆ پاراستنی ژینگە، بە درێژکراوەی ڕۆڵیان وەک خۆبەخش لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا لێکدەداتەوە (Rico, 1998: 19).

ڕوانگە جیاوازەکانی ئیکۆفێمێنزم هەروەک بەسەر دوو ئاراستەی ماتریالیزمی و ڕۆحی پۆلێن دەکرێت، بەو هۆیەوە کە سەرچاوەکانی مەعریفەی ژن بەرانبەر بە سروشت جیاوازییان هەیە، لەکاتێکدا ڕوانگەیەکیان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئەزموونی کرداریی ژنان و ڕوانگەیەکیان پەیوەندی ژن و سروشت کە مەعریفەی ژن لەمەڕ سروشت لە دەرەوەی بارودۆخی مادی یان کۆمەڵایەتی ژنان ئاماژە بۆ دەکات.

بۆ ئیکۆفێمێنیستەکان بابەتەکە هەر تەنیا ئەوە نییە کە ژنان بەهۆی نزیکایەتی و پەیوەندیی پتەوتریان لەگەڵ سروشت، مەعریفەیەکی زیاتریان بەرانبەر بە سروشت هەیە، بەڵکو پێداگیریی لەسەر خودی ئەو زانست و مەعریفەیەش دەکەنەوە، کە دەبێت لەبەربگیرێت. ئەوان پێداگیری لەسەر زانستێکی نوێ دەکەن کە ڕەچاوی بنەماکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکات، ئەویش دەبێت لەسەر ئەو ڕاستییە بنیات بنرێت کە زەوی و سەرچاوەکانی سنووردارن، ژیانی مرۆڤ

سنووورداره، کات سنووورداره، له گەردوونێکی سنورداریشدا، هیچ پێشکەوتنێکی بێ کۆتایی، هیچ گەشەیەکی بێ کۆتایی و بەڵکو گەڕانێکی بێ پایان بۆ ڕاستی لە ئارادا نییە، مەگەر ئەوانی دیکەی بۆ ئیستغلال بکرێت. کەواتە دەبێت لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە، پەیوەندی ژن و پیاو، کولتوور و ڕەگەزەکان بکرێت، بە دەربڕینی ماریا میس؛ ”چیتر ناکرێت ئەم پەیوەندییانە بەپێی مۆدێلی سەربازییانەی پیاوی سپی پێناسە بکرێن، کە بە زۆر خۆی بە مرۆڤ و باقیەکەی وەک نامرۆڤ پێناسە دەکات“ (Mies & Shiva 2014: 52).

## ژن و ژینگە و پەرەپێدان
## چوارچێوەی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان

پرسی جێندەر و پەرەپێدان، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی و وەک پراکتیکیی سیاسەت دەرکەوتووە. لەپاڵ گەڵاڵەکردنی چەندین توێژینەوە و خستنەڕووی چەندین نموونە لە پەیوەندی جێندەر و پەرەپێدان، پرسەکە لەچوارچێوەی بڕیار و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان وردە وردە زەق کراوەتەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە تیرۆڤان و هزرڤانانی ئیکۆفێمێنیست تێڕوانینێکی تەواو نەرێنییان بۆ بەرنامەکانی «پەرەپێدان» و «بەردەوامێتی» و «پێشکەوتن» هەیە. هەوڵدەدەین لەو باسەدا، پرسی ژن و ژینگە لەچوارچێوەی بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕوون بکەینەوە. هەڵوەستەکردن لەسەر پرسەکانی ژن و ژینگە لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوام و لە ئاست ئاژانس و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا، لەلایەک پەیوەندی نزیکی ژن و ژینگە و لەلایەکی دیکە ئەوە دەسەلمێنێت کە پەرەپێدانی بەردەوام بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دووانە (ژن و ژینگە) ناسازێت.

لەو ڕوانگەیەوە، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ژینگەی مرۆیی ١٩٧٢، کە ڕاگەیاندنی بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP)ی لێکەوتەوە، بە دەستپێکی ئەو هەوڵە دادەنرێت کە لە کۆتاییدا پرسی ژینگە و مرۆڤ دەخاتە چوارچێوەی بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوامەوە (UN, 1973) ، بەو تێبینییەشەوە کە لە ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکەدا، چەمکی (ژن) هەر نابینرێت، بەڵکو چەمکی (پیاو) بە بەردەوامی لە شوێن چەمکی (مرۆڤ) بەکارهێنراوە (Rico, 1998: 15). ساڵی ١٩٨٣ ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمسیۆنی جیهانی ژینگە و پەرەپێدانی ڕاگەیاند، کۆمسیۆنەکە لە دەستنیشانکردنی لێکەوتنەکانی ژینگەیی لە چالاکییەکانی پەرەپێداندا، بەو ڕاستییە گەیشتووە کە ئیتر کاتی بەیەکەوەگرێدانی ئابووری و ئیکۆلۆژی هاتووە، بەشێوەیەک بتوانرێت پێشکەوتنی مرۆڤ لەڕێگەی پەرەپێدانەوە مسۆگەر بکرێت، بەجۆرێک کە پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەپێدان زیان بە نەوەکانی داهاتوو نەگەیەنێت، ئەوەش لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی (داهاتووی هاوبەشمان) کە لەلایەن کۆمسیۆنەکەوە بڵاوکرایەوە، جەختی لەسەر کرایەوە؛

"کاتێک مەرجەکانی ئاماژەکردنی کۆمسیۆنەکەمان تاوتوێ دەکرد، کەسانێک هەبوون دەیانویست سەرنجەکان

تەنیا بە )کێشەی ژینگە (ەوە سنووردداربن. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ژینگە وەک بوارێک نییە کە لە کردار و خواست و پێداویستی مرۆڤ جیابێت. هەوڵدان بۆ دابڕان لە خەمی مرۆڤ، چەمکی )ژینگە (ی لە هەندێک بازنەی سیاسیدا بەشێوەیەکی ساویلکانە قەتیس کردووە. چەمکی (پەرەپێدان)یش لەلایەن هەندێک کەسەوە بۆ سەرنجێکی زۆر سنووردار بەرتەسک کراوەتەوە، لەسەر ئەو هێڵەی؛ ”دەبێت نەتەوە هەژارەکان چی بکەن بۆ دەوڵەمەندبوون؟!“، بەم شێوەیەش پرسەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەلایەن زۆرێکەوە لەگۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکاندا خراوەتە دەرەوە.... بەڵام ژینگە ئەوەیە کە هەمووومان تێیداین و پەرەپێدانیش ئەوەیە هەموومان لەپێناو پێشخستنی ئەوەی تێیداین، ئەنجامی دەدەین؛ ئەو دووانە لەیەکتر جیاناکرێنەوە (UN: 5).

دواتریش لە چوارچێوەی هەرێمایەتیدا، ڕاپۆرتی ”ئەجێندای خۆمان“ کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەمەریکای لاتین و کاریبی تایبەت بە پەرەپێدان و ژینگە (1992) دەرکرا، دووپاتی لە پەیوەندی نێوان سامان و هەژاری و دانیشتووان و ژینگە کردەوە، بە پێداگیریی لەسەر ئەو ڕاستییەی کە سیاسەتی پەرەپێدان بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنانی کاڵاکان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بەردەوامی ئەو سەرچاوانە بکات

کە لە ڕێگەیانەوە بەرهەمهێنان دێتەکایەوە، ئەوەش لەوانەیە کاریگەری خراپی بە سەر هەژارییەوە هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە ستراتیژیەتی دژە هەژاری بە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ گرەنتیکردنی پەرەپێدانی بەردەوام دادەنێت و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات؛ ستراتیژییەکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەژاری و پەرەپێدان و ژینگە لەهەمانکاتدا پێویستە بە جەختکردنەوە لەسەر سەرچاوەکان و بەرهەمهێنان و خەڵک دەستپێبکات، بە ڕوومالّکردنی کێشە دیمۆگرافییەکان و باشترکردنی چاودێری، پەروەردە، تەندروستی، مافەکانی ژنان، ڕۆڵی گەنجان، خەڵکی ڕەسەن و کۆمەڵگە خۆجێییەکان و پرۆسەیەکی کارای دیموکراتی پەیوەست بە حوکمڕانیی پێشکەوتوو. (UNEP; 1990: 14).

پرسەکە لەو خاڵەوە دەستی پێکرد کە گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەرییەکی جیاواز لە سەر ژنان و پیاوان دادەنێت. ژنان بەگشتی لە کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانی خۆراک، دابینکردنی ئاو و سوتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە و چێشتلێنان بەرپرسن. ئەم ئەرکانەش بە گۆڕانی کەشوهەوا، بەرەو سەختی زیاتر دەڕۆن، ڕووداوەکانی کەشوهەوا وەک وشکەساڵی و لافاو کاریگەری زیاتریان لەسەر لاوازان و هەژاران هەیە، لەکاتێکدا زۆرینەی هەژارانی جیهان لە ڕەگەزی مێینەن. لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و پەرەپێدان

١٩٩٢، ئەو پەیوەندییەی نێوان ژینگە و هەژاریی بەڕوونی دەستنیشان کراوە (UN, 1992).

پاشان جەختکردنەوەی سەرەکی لە سەر (ژنان لە پەرەپێدان)دا، بە ئاراستەی پاڵپشتیکردنی پڕۆژەو سیاسەتەکان بە قازانجی ژنان وەک گرووپێکی جیاواز، شیکەرەوە و ڕاڤەکارانی بەو ئەنجامە گەیاند، پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زیاتر لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی هەمیشەیی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بڕوانرێت. دوای سێیەمین کۆنفرانسی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە ١٩٨٥دا، چەمکی جێندەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر دەرکەوت و لە چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن لە ١٩٩٥دا بەتەواوەتی ناسێندرا (UNEP, 2004: 19).

لە هەشتاکان و بەتایبەت لە نەوەدەکاندا کە بە دەیەی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی کارەساتەکانی سروشتی ناسراوە، بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP)، پرسی ژن و بەشداریی ژنانی لە بەڕێوەبردنی کارەساتە سروشتییەکان بە بەرزنرخاندنی تواناکانی ژنان بۆ ڕێگرتن، هێورکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی کارەساتەکانی سروشتی وروژاند؛ لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژنان بەراورد بە پیاوان زیاتر هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکان وەکو ئاو و خۆراک دەکەن ...هتد. (UNEP, 1994).

پێشتریش لە ساڵی 1979دا، ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان (CEDAW)ی دەرکردبوو، کە زۆرجار وەک پرۆژە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی ژنان ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەرچەند لە پەیماننامەی سیداودا، ئاماژەدانێک بە ژنانی گوندنشین هەیە، بەڵام نیگەرانییە ژینگەییەکان لەخۆناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی سیداو لە ڕاگەیەنراوی (٤٤)مین کۆبوونەوەی خۆیدا، ئاماژەی بەوەدا کە یەکسانی ڕەگەزی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانە، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، هەروەک پێویستە مافە مرۆییەکانی ژن وەک پرەنسیپێکی باڵای ڕێنماییکردن لە پەیماننامەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا جێ بکرێتەوە، ئەوەش بە گۆڕانکارییەکی جۆری لە ڕووئیای بەرنامەداڕێژەرانی سیداو دادەنرێت (Bradshaw & Linneker; 2014: 7).

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، زنجیرەیەک کۆنفرانسی جیهانی لەبارەی ژنان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەنجامدران، ساڵی ١٩٧٥ لە مەکسیک، لە کۆپنهاگن (١٩٨٠)، نایرۆبی (١٩٨٥) کە تیایدا کار و ڕۆڵی ژنان لە بەڕێوەبردنی ژینگەدا زەقکرایەوە، چوارەم و دوا کۆبوونەوەی تەواو، ساڵی ١٩٩٥ لە پەکین "پلاتفۆرمی پەکین بۆ کردار" سازکرا،

کە تیشک دەخاتە سەر پێویستی بەشداریکردنی ژنان بە شێوەیەکی چالاک لە بڕیاردانی ژینگەیی لە هەموو ئاستەکاندا و، بۆ تێکەڵکێشکردنی نیگەرانی و تێڕوانینی جێندەری لە سیاسەت و بەرنامە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام، هەموو ئەوانە درێژکراوەی هەوڵەکانی پێشوو بوون لەلایەک و لەلایەکی دیکە ئاماژەبوون بە هەڵکشانی داخوازیی و نیگەرانییەکانی گرێدراو بە پرسی ژن و ژینگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (Rico 1998: 27).

بەرنامەی پەرەپێدان لە دەیەی نەوەدەکاندا و بەدوایدا ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە (MDGs)ی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەچوارچێوەی هەشت ئامانجە سەرەکییەکەیدا، جەختی لەسەر جیاوازی ڕەگەزیی و قەیرانەکانی ژینگەیی دەکردەوە، بەدوای ئەودا و لە کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕیۆ دی جێنێرۆ لە ساڵی ٢٠١٢دا، ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development Goals)ی لێکەوتەوە، کە بەگشتی وەک (ئەجێندای ٢٠٣٠) ناودەبرێت و (١٧) ئامانجی پێکەوەبەستراو لەخۆدەگرێت، ڕاپۆرتی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام زۆر بەڕوونی کێشەکانی برسیەتی و هەژاریی بە تێکدانی ژینگە و قەیران و کارەساتە سروشتییەکانەوە گرێ دەدات و بە ئاماژەدان بەو

داتایەی کە ساڵانە حەوت ملیۆن کەس بەهۆی پیسبوونی هەواوە دەمرن، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ "گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کارەساتە سروشتییەکان، کاریگەرییەکی قورس لەسەر ژنان و منداڵان دروست دەکات" (UN, 2015).

لەو ساڵانەی دواییدا، دەگمەن ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ژینگە و پەرەپێدان یان ژن و ژینگەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەدۆزینەوە، کە لەپاڵ خستنەڕووی کێشە ژینگەییەکاندا، ئاماژەی بە پرسی ژن نەدابێت، بە پێداگیریی لەسەر ئەو ڕاستییەی، ژنان لەژێر کاریگەریی زیاتری گۆڕانکارییەکانی ژینگەییدان. ئەوە ڕاستییەکی نکوڵی نەکراوە کە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژینگەیی مەترسییەکی خێرای لەسەر جیهان و دانیشتوانەکەی دروست کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەز ڕۆڵێکی دیار دەبینێت لە کاریگەرییە جیاوازەکانی سەر ژن و پیاو. جێندەر نەک تەنیا توانای پیاوان و ژنان بۆ خۆگونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان دیاری دەکات، بەڵکو لە بنەڕەتدا نایەکسانی ڕەگەزیی مانای ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەری ناجۆریان لەسەر ژنان هەیە (UNEP: 2016: 6).

دۆخەکە لەمەڕ ژنان و ژینگەوە ئەوەندە ئاسایی نییە، وەک ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژینگە و پەرەپێدان دووپاتی لەسەر دەکاتەوە، سەرەڕای پێشکەوتن، نایەکسانییە

بەرچاوەکانی ڕەگەزیش بەردەوام بووە، بێبەشکردنی ژنان لە ماف و دەرفەتەکان و تەگەرە لەبەردەم پێشکەوتنەکانیان لە هەموو ئاستەکانی پەرەپێداندا دروستدەکرێت، بەردەوام پیاوان لە بڕیاردانی سیاسی و حوکمڕانیدا زاڵن، لە هەموو جیهاندا قەیرانەکان کاریگەریی قورستریان لەسەر ژنان هەیە، ژنان بارگرانی یان کاری چاودێری بێمووچەیان لەسەرشانە، بەشداری کاری ژنان زۆرجار نافەرمیە، بەبێ هەبوونی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ژنان بە درێژایی ژیانیان بە شێوەی جیاجیا تووشی توندوتیژی و جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەری دەبن و مافی یاسایی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک چاودێری تەندروستی و پەروەردە و دادوەرییان لێ قەدەغە دەکرێت. نایەکسانی جێندەریی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی ملیۆنان ژن و کچ لە سەرانسەری جیهاندا (UNDP 2018: 4).

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە بیرۆکەی بەردەوامیێتی (sustainability) لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی بایۆلۆجی و فیزیکیدا گەڵاڵە کراوە و و تا ماوەیەکی زۆر درێژیش تەنیا گەشەی ئابووری و کەڵەکەکردنی سەرمایەی فیزیکی و دارایی، بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی کە هێمای بۆ ئەم پرۆسەیە دابین دەکرد، سەنتەری بایەخپێدان بوو، بەڵام لەو شێوازی پەرەپێدانەدا لایەنی گرنگتری وەک سامانی مرۆیی

و سیستەمە سروشتی و دامەزراوەیی و کولتوورییەکان بە کەم سەیر دەکرا (Rico 1998: 9).

"بەردەوامیتی" زۆربەی کات وەک گەیشتن بە پێویستییەکانی ئێستا پێناسە دەکرێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی نەوەکانی داهاتوو بکات، لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئێستاشدا، نادادپەروەرانەیە بەرانبەر بە ژن و سروشت، لەکاتێکدا لەڕوانگەی ئیکۆفێمێنیستەوە، "بەردەوامێتی" سێ کۆڵەکەی بنچینەیی هەیە؛ ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی. ئەم سێ کۆڵەکەیە بە (خەڵک، هەسارە/زەوی، قازانج) ناودەبرێن.

## تێڕوانینی ئیکۆفێمێنیزیم بۆ پەرەپێدان

ئیکۆفێمێنیزم تێڕوانینێکی نەرێنی بەرانبەر بە «پەرەپێدان» هەیە و ئەوەش وەک «پەرەپێدانی بەردەوام» لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و لە سەردەستی سیستمێکی پیاوسالارانەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت، لەلایەن بەشێک لە ئیکۆفێمێنیستەکانەوە وەک درێژەدان بە پرۆژەی کۆلۆنیالیزم دەبینرێت. ئامانجەکە زیاتر پەرەپێدان و پێشخستنی وڵاتانی باکوور/ڕۆژئاوا لەسەر حیسابی باشوور/ڕۆژهەڵات و هەروەک هەژموون و سەردەستەیی زیاتریی پیاوان بەسەر ژن و سروشتەوە.

ئیکۆفیمێنستێکی وەک «ڤاندانا شیڤا» پێی وا بوو، پەرەپێدان پرۆژەی پاش کۆلۆنیالیزمە، هەڵبژاردنی مۆدێلێکە بۆ «پێشکەوتن»، کە تیایدا هەموو جیهان خۆی لەسەر مۆدێلی داگیرکاریی ڕۆژئاوا دووبارە دەکاتەوە. پاڵپشت بەو بانگەشەیەی کە شێوازی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا بۆ هەمووان گونجاوە، لێرەوە «پەرەپێدان» وەک باشبوون و پێشکەوتنی هەمووان لێکدەدرێتەوە. بەو شێوەیە «پەرەپێدان» یەکسانە بە بەڕۆژئاواییکردنی سێکتەرە ئابوورییەکان و بەرهەمهێنان، لەکاتێکدا کە گەشەی پێشوەختەی پیشەسازیی لە ئەوروپا و ڕۆژئـاوا پێویستی بە کۆلۆنیالیزەکردنی هەمیشەیی وڵاتانی دیکە هەبووە، ئەوەش لەسەر بنەمای لەناوبردنی ئابووری ناوخۆیی دەوەستێت. لەو ڕوانگەیەوە، کۆلۆنیالیزم خۆی، مەرجی گەشە و بەردەوامبوونی سەرمایەدارییە، بەدووپاتکردنەوە لەوەی کە بەبێ کۆلۆنیال کەڵەکەبوونی سەرمایە دەوەستێت، کەواتە سەرمایەداریی لە بنەڕەتدا پێویستی بە کۆلۆنیالیزەکردن و داگیرکاریی هەیە، لەو ڕوانگەیەوە سەرمایەداریی لەپێناو کەڵەکەکردنی ساماندا، پشت بە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو یان تازە سەربەخۆ دەبەستێت بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا، لێرەوە «پەرەپێدان» دەبێت بە پرۆژەیەک بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی داگیرکاریی و بەڵکو

درێژکراوەی پرۆژەی دروستکردنی سامان لە ڕوانگەی ئابووری مۆدێرن و پیاوسالاریی ڕۆژئاواوە، کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و دوورخستنەوەی ژنان «ڕۆژئاوایی و نارۆژئاوایی» و لەسەر چەوساندنەوەی سروشت و لەناوبردنی کولتوورەکانی دیکەیە، وەک «شیڤا» ئاماژەیدا؛ «بۆیە لە تەواوی جیهانی سێیەمدا، ژنان، جووتیاران و خێڵەکان خەبات دەکەن بۆ ڕزگاریی لە (پێشکەوتن) هەروەک چۆن پێشتر بۆ ڕزگاریی لە کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی تێکۆشانیان کرد» (Shiva 1988: 21).

ئەوان لەپاڵ دژایەتی بەرانبەر بانگەشەکانی "پەرەپێدان" و "پێشکەوتن"، پێداگیرییان لەسەر ئەوە دەکرد، "پەرەپێدان" لەپاڵ قەرز و تێکدانی ژینگە و هەموارکردنی پێکهاتەییەوە، "تۆڕێکی دزیو" پێکدەهێنێت کە "تەڵەی هەژاریی" دروست دەکات و ئەوەش بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن ژنان و منداڵانەوە ئەزموون دەکرێت. (Mies & Shiva, 2014: 76).

یەکێک لەو تێبینییە جدییانەی ئیکۆفێمێنیستەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هەریەک لە کۆمەڵگەکان وا دەکات نەتوانرێت یەک مۆدێلی دیاریکراو لە "پێشکەوتن" بەسەر تەواوی جیهاندا بسەپێنرێت، بەدڵنیاییەوە ئەوە بەناوی "پەرەپێدان"یەوە دەگوزەرێت، بەڵام بەلای زۆر ئیکۆفێمێنستەوە، ئەو پەرەپێدان و

گەیشتن بە ئاستی مۆدێلە زاڵکراوە ڕۆژئاواییەکە، کە بە لۆژیکی کەڵەکەکردنی سامان کاردەکات، بۆ کۆلۆنییەکان و داگیرکراوەکان مەحاڵە. هۆکارەکە ئەوەندە ئاسان نییە، وەک چۆن یەک کۆلۆنی ڕەنگە دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، ئەو شتە بەدەست بهێنێت کە لە کۆتایی "گەشە"دا ڕەچاو دەکرا، خودی ئەو ناوەندانەی پیشەسازیش پێشتر "پێشکەوتن"یان بۆ قۆناغێکی "مۆدێرن"ی پێشکەوتووتر بردووە؛ پێشکەوتن لێرەدا مانای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەگەیەنێت، ئەوەی ئەمڕۆ تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپی، سبەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ، ڕۆژی دواتر کۆمپیوتەر، پاشان ڤێرژنی مۆدێرنتر لە "نەوەی کۆمپیوتەر" و بەو شێوەیە، پێشکەوتن ناوەستێت و ئەم سیاسەتەی گەیشتن بە ئاستی داگیرکەران هەمیشە یارییەکی دۆڕاوە، چونکە پێشکەوتنە زۆر و زەوەندەکانی داگیرکەران لەسەر بنەمای بوون و چەوسانەوەی داگیرکراوەکان سەرچاوە دەگرێت (Mies & Shiva 2014: 59).

بۆ زۆر لە ئیکۆفێمێنستەکان، پرسی ژن بەشێوەیەکی قووڵ پەیوەستە بە پرسی داگیرکارییەوە و هەردووکیشیان پەیوەندییان بە مۆدێلی زاڵ؛ سەرمایەداری جیهانی – پیاوسالارییەوە هەیە. سیستەمی سەرمایەداریی– پیاوسالاریی بۆ ئەوەی درێژە بە بوونی خۆی بدات، پێویستی

بە کۆلۆنیالیزەکردنی وڵاتانی دیکە و دەستبەسەرداگرتنی خودی ژنان و پەراوێزەکانی دیکە هەیە. هەر لەبەرئەوە بوو "کارین وارین" پێداگیری دەکرد؛ کۆلۆنیالیزم کێشەیەکی فێمێنیستییە، چونکە تێگەیشتن لە کۆلۆنیالیزم، یارمەتی تێگەیشتن لە بندەستی ژنان دەدات. (Wareen 2000: 1).

لەلایەن دامــەزراوە گەورەکانی وەک بانکی جیهانی، بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەک کلیلی وەڵامدانەوەی دوای رووداو دەبینرێت و وەک ڕەچەتەی سیاسەتی نوێ پێشکەش دەکرێت، بە تایبەتی لە بەڕێوەبردنی کارەساتەکاندا. پێشنیاز دەکرێت ژنان یارمەتی کرداریی لە "ڕزگارکردن"دا بدەن، بەکورتی یارمەتیدەربن لەوەڵامدانەوەی ڕووداوەکاندا و لەو ڕێگەیەشەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی لە هەموو قۆناغەکاندا ببینن، بەڵام زۆرجار ئەو چالاکییانە بە "تێوەگلان لە کارەسات" ناودەبرێت، لەکاتێکدا ئەو تێوەگلانە، وەک فۆرمێکی بەشداریی ژنان لە پەرەپێداندا دەخرێتە ڕوو.

لەم ساڵانەی دواییدا ژنـان بەگشتی کراونەتە ئامانج بۆ بەشداریی لە پرۆژەکانی بنیاتنانەوە، بەڵام تێبینیکراوە زیاترین سوود لە بەشداریی ژنان وەرگیراوە تا ئەوەی ژنــان هـەسـتـیـان بـە سـوودمـەنـدبـوون کـردبـێـت. ئـەو تێگەیشتنە بەرجەستە دەبێتەوە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری ژمـارەیـەک لـەو ڕێـکـخـراوانـەی کـاریـان لـەسـەر

سەرچاوەدارکردنی ژنان کردووە، لەوانە سەرچاوە "نانەریتییەکان" وەک پێدانی خاوەندارێتی "مانگا" بە ژنان، بۆ نموونە کاتێک پرسیاری ئەوە دەکرێت کە پیاوان چۆن کاردانەوەیان بەرانبەر ئەم سەرچاوەدارکردنەی ژنان هەیە، نوێنەرێک تێبینی ئەوەی کرد، هیچ کێشەیەکی گەورە دروست نەبوو لەوەتەی؛ "ئافرەت مانگای خۆی هەیە و پیاوەکانیش شیرەکە دەخۆنەوە". ئەوە لەکاتێکدا وەک پرۆژەیەک بۆ ژن و بەرزکردنەوەی یەکسانیی ڕەگەزیی وێنا کراوە (Sara & Brian 2014: 17).

لە ڕوانگەی ئیکۆفێمێنیستەوە سەرەڕای بانگەشەکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم یان ئەوەی بە وڵاتانی "دواکەوتوو" ناودەبرێن، بەڵام بارودۆخی ژنان بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە و ئەنجامێکی ناکۆک لەگەڵ بانگەشەکە بەدەستهاتووە لەلایەک و لەلایەکی دیکە، ئەوەی پەیوەندی بە ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و جیهانی "پێشکەوتوو" هەبێت، چەوساندنەوەی ژنان زیاتر بووە. لەو ڕووەوە "ماریا میس" ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەپێی توێژینەوە و نیشاندەرەکانی پێوەست بە ژنان لەڕووی تەندروستی، ئابووری و بەشداریی سیاسی، بارودۆخەکە خراپتر بووە، بەڵام ئەو ئەنجامە نەرێنییە چۆن لەگەڵ ئەو بەردەوامێتییەی سیاسەتی پەرەپێدان کە بەدوای پێشخستنی خەڵکی وڵاتە

"دواکەوتوو"ەکانە، دەگونجێنرێت؟! وەک "ماریا" ئاماژە دەدات؛ "پێوەستبوونمان بە خەباتی ژنان لێرە لە باکوور – لە وڵاتێکی وا بە ناو پێشکەوتوودا، نیشانیداین کە چەوساندنەوە و بە تایبەتی توندوتیژی لە دژی ژنان، بە هیچ شێوەیەک بۆ سەردەمی کۆن و دواکەوتووانە ناگەڕێتەوە، بەڵکو پێکهاتەی پێویستی ئەم ڕۆژە و ئێستای کردەوەگەلی سەرمایەدارییە. چۆنە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بەپێی بانگەشەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئازادی تاک دامەزراوە، بەڵێنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دەدا، بەڵام ژیانی نائازادی و نایەکسانی ژنان بەردەوام دەکات؟! توندوتیژی دژی ژنان لەناو ئەم سیستەمە ئاشتیخوازەدا چۆن لێکدەدرێتەوە؟" (Mies, 1988: 2).

گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی بەناوی ئامانجە هاوبەش یان جیهانییەکان، وەک دیفاکتۆیەک دان بەو ڕاستییە دادەنێن کە هەموومان پشتمان بە یەک هەسارە بەستووە، لەگەڵ ئەوەشدا داوای مافی ئیستغلالکردنی ئیکۆلۆژی ناوچەیی، کۆمەڵگاکان، کولتوورەکان دەکات و قوربانییەکانیش هەمیشە ناوخۆیی (لۆکاڵ)ی دەبن، جیهانیی (گلۆباڵ) بە سادەیی بە واتای زاڵبوونی جیهانی بەسەر بەرژەوەندی ناوچەیی و تایبەتی دێت، لەپێناو دەستبەسەرداگرتنی کەرتە ئابوورییەکان، کولتوور و

سروشت لەلایەن چەند کۆمپانیای فرە ڕەگەزەوە کە زلهێزەکان بەناوی "بازرگانی ئازاد"ەوە یارمەتیان دەدەن. ئەو ڕاستییەی کە ماریا و شیڤا دواتر دووپاتیان لەسەر کردەوە، گوزارشتێکی ڕوونتر لە پەیوەندی ژن و سروشت و کۆمەڵگە داگیرکراوەکان بە کۆلۆنیالیزمەوە نیشان دەدات؛ "ژن و سروشت و وڵاتانی بیانی، کۆلۆنیای پیاوی سپین. بەبێ داگیرکردنی ئەوان، واتە ژێردەستی بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتن (ئیستغلالکردن)، شارستانیەتی بەناوبانگی ڕۆژئاوا بوونی نەدەبوو (Mies & Shiva 2014: 43).

زلهێزەکان بە ئامانجی دەستگەیشتنێکی ئازادانە بە بازاڕ و تەواوی سەرچاوە سروشتییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، برەو بە گوتارگەلێکی سەرنجڕاکێشی وەک؛ ئاشتی جیهانی، کۆمەڵگەی جیهانی، بازاڕی ئازاد، یەکگرتنی جیهانی، ژینگەی جیهانی و ...هتد دەدەن، بە پێداگیریی لەسەر ئەوەی کە بازاڕی ئازاد جیهان بەرەو ئاشتی و دادپەروەریی دەبات.

پرسی ژن و کۆلۆنیالیزم، لە بنەڕەتدا بۆ دۆخی ژن لە کۆمەڵگە کۆلۆنیالیزەکراوەکانی سەرەتادا دەگەڕێتەوە. هەندێک لە تیۆرڤانانی ئیکۆفێمێنیست پێداگیرییان لەسەر ئەو خاڵە کردووە، فێمێنیزم بەسەرلێشێواویی دەمێنێتەوە ئەگەر لە سروشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆلۆنیالیزم تێنەگات، وەک تێگەیشتن لەو دابەشبوونە جیهانییەی

كار، كە ئامانجەكە تێیدا كەڵەكەكردنی سەرمایەیە، ئەو كەڵەكەكردنەی سەرمایە لە پشت كۆلۆنیالیزمەوە وەستاوە، لەكاتێكدا بندەستی و چەوساندنەوەی ژنان و سروشت و كۆلۆنیالەكان وەك پێشمەرجی ئەو مۆدێلە-كەڵەكەكردنی سەرمایە- دادەنرێت. بەو شێوەیە كە ژن لە چوارچێوەی كۆمەڵگە داگیركراوەكاندا، كۆیلەكە لەسەر بنەمای قازانجی سەرمایەداریی ڕاگیراوە، ئەو دۆخە بەدرێژایی سەدەكانی بازرگانیكردن كۆیلە یان ئابووری كۆیلە (١٦٥٥-١٨٣٨) بەردەوام ئەو مشتومڕەی تێدا كراوە كە ئایا دەبێت ڕێگە بە ژنانی كۆیلە بدرێت كۆیلەی زیاتریان ببێت یان یا؟ واتە مامەڵەكردنی ژن وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی كۆیلەی زیاتر لەڕێی زاوزێكردنەوە. ئەو بارودۆخە لە هەموو كۆمەڵگە كۆلۆنیالیكراوەكان هاوشێوە بووە، چ لە ژێر دەسەڵاتی كاسۆلیكی (فەرەنسی) یان پرۆتستانت (بەریتانی و هۆڵەندی)دا بووبن (Mies, 1986: 91).

جەستەی ژنان وەك لایەنی منداڵبوون، لە چاوی سەرمایەداری-پیاوسالاریی، لە نێو دوا كۆلۆنییالەكاندا، لە چالاكیی بەرهەمهێنەوە بۆ ناچالاك دەگۆڕێت، كە تیایدا شارەزا "بەرهەم دەهێنێت" و بەهاكەی زیاد دەكات، لە بەرانبەردا سروشت، ژنان و كەسانی نائەوروپایی تەنیا كەرەستەی "خاو" دابین دەكەن. بەشداری ژنان و سروشت

لە بەرانبەر ئەو بەهایەی بۆ کاری داگیرکاری وەک کاری پەرەپێدان دانراوە، لاواز دەردەخات. (Mies & Shiva 2014: 25)

بەو شێوەیە چۆن داگیرکار بەناوی سەقامگیریی، پێشخستن و پەرەپێدانەوە، دەست بەسەر شوێنێکدا دەگرێت، بەهەمان شێوە ژن کۆنترۆڵ دەکرێت، داگیرکار خۆی وەک کارا و داگیرکراو وەک ناچالاک دەردەکەوێت. وەک چۆن لە دەستگرتن بەسەر سروشت، هەمان وێنەمان دەستدەکەوێت، سروشت سەرچاوەی بەرهەم و بەرهەمهێنانە، بەڵام وەها نیشاندەدرێت تەنیا مادەیەکی ناچالاک بێت، بەڵکو ئەوەی چالاکە، ئەو پیاوەیە دەستی بەسەر سروشتدا گرتووە. وەک چۆن ژنی کۆلۆنیالیزەکراو-لەلایەن سیستەمی سەرمایەداریی-پیاوسالاریی-یەوە، لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوە بۆ نابەرهەمهێن و ناچالاک دەگۆڕێت. لەڕوانگەی کۆلۆنیال و مۆدێلی سەرمایەداریی پیاوسالارییەوە، ژن و سروشت و کۆمەڵگە کۆلۆنیالەکان کە مۆری "دواکەوتوو"یان لێدراوە، وەک بەشێک لە دەرەوەی کۆمەڵگەی شارستانی سەیرکراون.

لێرەوە سروشت هەر شتێکە کە بە خۆڕایی یان بە هەرزانی دێتە دەستەوە، ئەوە بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتییش لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەیە کارە کۆمەڵایەتی یان کاری

خۆبەخشی ژن (منداڵبوون، بەخێوکردن، چاودێریی و ...هتد) لەچوارچێوەی سیستەمی زاڵی ئابوورییدا-کە بەرهەمی پیاوسالاری-یە، وەک کارێکی بێ کرێ دادەنرێت و هیچ بەهایەکی بۆ دانانرێت یان هیچ نیشاندەرێکی ئابووریی نایخوێنێتەوە. بەمانایەکی دی؛ توانا و هێزی کاری ژنان، وەک سەرچاوەیەکی سروشتی و بەرهەمەکانیان وەک بەخشینێکی سروشتی دەردەکەوێت. بەو شێوەیە هەموو ئەو حالەتە جیاجیایانەی گۆڕینی بەها بۆ بێ بەها، کار بۆ ناکار، داهێنان بۆ پاسیڤی، وێرانکار بۆ بەرهەمهێنەر، لەلایەن سەرمایەداریی و تەکنۆلۆژیاوە بەرجەستە دەکرێتەوە.

ئیکۆفێمێنیستەکان زۆرجار وەک دەرکەوتەیەکی سەرمایەداریی-پیاوسالاریی، ئاماژە بە "بەرهەمهێنانی بایۆلۆژی" دەدەن، لەشێوەی بە پزیشکیکردنی پرۆسەی منداڵبووندا، ژنانی دووگیان بەو شێوەیە وەک "ماددەی خاو" سەیر دەکرێن کە "بەرهەم" واتە "کۆرپەکە"ی لێ دەرهێنراوە. لەم هەلومەرجەدا وا دەردەکەوێت پزیشک نەک دایک کۆرپەکەی بەرهەم هێناوە. ئەو پرۆسەیە، ژن بە ناچالاک نیشان دەدات، یەکگرتنی ئۆرگانی دایک و کۆرپەکەی تێکدەدات، بەڵکو گرێبەستی ئۆرگانی ڕاستەوخۆ ئافرەت لەگەڵ کۆرپەکەی، جێگەی ئەو مەعریفەیە دەگرێتەوە کە پیاوان و ئامێرەکان نێوەندگیریی دەکەن (Mies & Shiva 2014: 26)

سەرمایەداریی پیاوسالاریی، ژن وەک بەکاربەر زەق دەکاتەوە و ڕۆڵە بەرهەمهێنەرەکەی دەشارێتەوە. هەمان دۆخی ژنان لە قۆناغەکانی پێشووی کۆلۆنیالیزمدا جارێکی دیکە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا دووبارە دەبێتەوە، سەرمایە لە کۆلۆنیاکان پێویستی بە ژن هەیە وەک هەرزانترین بەرهەمهێنەر، لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەدارییشدا دووبارە ژنان تێچووەکانی بەرهەمهێنان کەم دەکەنەوە، هەر بە کارکردنی بێ بەرانبەرییماڵەوە نا، بەڵکو بە کارکردنی هەرزانتر لە دەرەوەشدا. "ژنی ماڵەوە، باشترین هێزی کارە بۆ سەرمایە"، "لە کاتێکدا ژنی بەکاربەری ماڵ لە ڕۆژئاوا دەبێت کاری بێمووچە و زیاتر بکات بۆ ئەوەی خەرجییەکانی بۆ وەدیهێنانی سەرمایە کەم بکاتەوە، ژنی بەرهەمهێنەری ماڵەوە لە کۆلۆنیاکان دەبێت کاری بێ مووچە و زیاتر بکات بۆ ئەوەی تێچووەکانی بەرهەمهێنان دابەزێنێت" (Mies, 1986: 126).

لە ئەمڕۆدا وەک نەتەوەیەکگرتووەکان دەستنیشانی دەکات، ژنان بەتێکڕایی لەسەر ئاستی جیهاندا، بە کرێیەکی کەمتر لە پیاوان کار دەکەن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوێترین ڕاپۆرتەکانیدا پێوەست بە پەرەپێدانی بەردەوام و پاڵپشت بە داتاکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دووپات لەوە دەکاتەوە کە ژنان ١٨٪ی کاتەکانی کارکردنی

ڕۆژانەیان لەکاری بێمووچەدا بەسەر دەبەن، لەکاتێکدا ژنانی کرێکار بڕی ٧٧ سەنتیان پێدەدرێت لە بەرانبەر یەک دۆلار بە پیاوان بۆ هەمان کاری هاوشێوە (UN, 2015: 9)، ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە ئیکۆفێمێنیستەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە ئاماژەی بۆ دەکەن و وەک دەردەکەوێت تا ئێستا درێژ بووەتەوە.

## سەرچاوەکان:

1- Asmarani, Nyoman Oktaria (2018) Ekofeminisme dalam Antroposen: Relevankah? (Kritik terhadap Gagasan Ekofeminisme), BALAIRUNG, Vol. 1 No. 1, pp: 128-143.

2- Allister, Mark (2004) Eco-man: New Perspectives on Masculinity and Nature, university of virginia press, USA.

3- Archambault, Anne (1993) "A Critique to Ecofeminism". Canadian Woman Studies, Vol. 13 No. 3. PP: 19-22.

4- Barry, John (2007), Environment and Social Theory, Taylor & Francis, UK.

5- Biehl, Janet (1991) Rethinking Ecofeminist Politics, South End Press, Boston, USA.

6- Begon, Michael & Colin R. Townsend and John L. Harper (2006) Ecology from Individuals to Ecosystems, Fourth edition by Blackwell Publishing Ltd. UK.

7- Bradshaw, Sarah with Brian Linneker (2014) Gender and Environmental Change in the Developing World, International Institute for Environment and Development\ IIED. UK.

8- Cuomo, Chris J. (2001) Feminism and Ecological Communities: An Ethic of Flourishing, Taylor & Francis

e-Library, New York, USA.

9- Eaton, Heather and Lois Ann Lorentzen (2003) Ecofeminism and globalization : exploring culture, context, and religion, Rowman & Littlefield Publishers, Inc. Maryland, USA.

10- Ehrlich, Dr. Paul R. (1988) the population bomb, Nineteenth Printing: Ballantine books, New York, USA.

11- Gaard, Greta (1993) Ecofeminism Women, Animals, Nature, by Temple University, Philadelphia, USA.

12- Johnson, Danielle Roth (2013) Back to the Future: Françoise d'Eaubonne, Ecofeminism and Ecological Crisis, The International Journal of Literary Humanities, Vol. 10 No. 3, pp: 51-61. Champaign, Illinois, USA.

13- Legesse, Worku, Teklu Mulugeta, and Aragaw Ambelu (2002) Introduction to Ecology, Produced in collaboration with the Ethiopia Public Health Training Initiative, The Carter Center, the Ethiopia Ministry of Health, and the Ethiopia Ministry of Education.

14- Lorber, Judith (2012) Gender Inequality: Feminist Theories and Politics, Fifth Edition. New York, Oxford University Press, Inc.

15- Marks, Jonathan (2002) Who Lost Nature? Rousseau and Rousseauism, Polity, Vol. 34, No. 4

(Summer, 2002), pp. 479-502.

16- Marco, Flavia (2002) Economics and gender. Selected bibliography, Printed in United Nations, Santiago, Chile.

17- mellor, mary (1997) Feminism and Ecology, New York University Press, New York, USA.

18- Mies, Maria (1986) Patriarchy and Accumulation on a World Scale (Women in the International Division of Labour), Zed Books Ltd, New Jersey, USA.

19- Mies, Maria (1988) women; the last colony. Was first published in English by zed books Ltd, New Jersey. USA.

20- Mies, Maria and Vandana Shiva (2014) Ecofeminism, Foreword by Ariel Salleh, Zed Books Ltd. USA.

21- mies, maria (1981) the social origins of the sexual division of labour, senior lecturer, Maria Mies, Institute of Social Studies the Hague - The Netherlands ISS Occasional Papers No. 85, January 1981

22- McDougall, Sarah Delaney (2012) Defining Feminism: A Phenomenological Exploration of The Meaning WOMEN Assign to their Feminist identities, In Partial Fulfillment for the Degree of Master of Science, Major Department: Human Development and

Family Science, A Thesis Submitted to the Graduate Faculty of the North Dakota State University of Agriculture and Applied Science.

23- Nelson, Julie A. (1995) Feminism and Economics, Journal of Economic Perspectives, Vo. 9 N. 2, Pp: 131–148.

24- Offen, Karen (1988) Defining Feminism: A Comparative Historical Approach, Journal of Women in Culture and Society. Vol. 14, No. 1, pp. 119-157.

25- Plumwood, Val (1993) Feminism and the Mastery of Nature, London, Simultaneously published in the USA and Canada by Routledge.

26- Rico, María Nieves (1998) Gender, the Environment and the Sustainability of Development, United Nations, Santiago, Chile.

27- Ruether, Rosemary Radford (2012) Ecofeminism – The Challenge to Theology, DEP, NO. 20, SO. 1824, PP; 22-33.

28- Salleh, Ariel (1993) Second Thoughts on «Rethinking Ecofeminist Politics»: A Dialectical Critique, (ISLE) Interdisciplinary Studies in Literature and Environment Vol. 1, No. 2, pp: 93-106.

29- Shiva, Vandana (1988) Staying Alive: Women, Ecology and Survival in India, by Zed Books Ltd, in

the U.K.

30- Sollund, Ragnhild (2015) Ecofeminism by M. Mies and V. Shiva, Pluto Journals, Vol. 4, No. 1. Pp: 99-103.

31- UN (1973) Report of the United Nations Conference on the Human Environment, Stockholm, 5-16 JUNE 1972, New York, USA.

32- UN (1987) Report of the World Commission on Environment and Development: Our Common Future.

33- UN (1992) report of United Nations Conference on Environment & Development, Rio de Janerio, Brazil, 3 to 14 June 1992, AGENDA 21.

34- UN (2020) the report of; Gender and Climate Change in the Context of COVID-19.

35- UN (2015) The report of; Transforming our World: the 2030 Agenda for Sustainable Development, A/RES/70/1.

36- UNDP (1990) Report of the Latin American and Caribbean Commission on Development and Environment.

37- UNEP (1994), Women, Environment and Sustainable Development, Preparation of technical documentation and papers for the Fifth African Regional Conference on Women (1994) and preparatory to the

Fourth World Conference on Women (1995).

38- UNDP (2018) the report of Gender Equality Strategy 2018-2021, New York, USA.

39- UNEP (2004), the report of Women and the Environment.

40- UNEP (2020) the report of (Gender and Climate Change in the Context of COVID-19), Women for Climate-Resilient Societies; United Nations Environment Programme; UN Women.

41- UNEP (2004) the report of Women and the Environment.

42- Vakoch, Douglas A. and Sam Mickey (2018) Women and Nature? Beyond Dualism in Gender, Body, and Environment, by Routledge, New York, USA.

43- Villinger, Anja (2005) Feminization of Poverty? Living Conditions of Women in the United States, Technische Universität Chemnitz. Germany.

44- Warren, Kareen (1987) 'Feminism and Ecology: Making Connections', Environmental Ethics, Volume 9, Issue 1, pp: 3-20.

45- Warren, Karen J. (1997) Ecofeminism: women, culture, nature, by Indiana University Press, USA.

46- Warren, Karen J. (2000) Ecofeminist Philosophy; A Western Perspective on What It Is and Why It

Matters, Roman & Littlefield Publishers, Inc, Maryland, USA.

47– Werlhof, Claudia von (2007) No Critique of Capitalism Without a Critique of Patriarchy! Why the Left Is No Alternative, Capitalism Nature Socialism, VO. 18, NO. 1, pp; 13–27.

48– Wismer, Susan (2000) The Good–Natured Feminist: Ecofeminism and the Quest for Democracy by Catriona Sandilands, Canadian Journal of Political Science / Revue canadienne de science politique, Vol. 33, No. 1, pp. 199–201.

49– Hardin, Garrett (1968) The Tragedy of the Commons, Science, New Series, Vol. 162, No. 3859, pp: 1243–1248.

50– Hatfield, Susan Buckingham (2005) Gender and Environment, Taylor & Francis e–Library, UK.

BEMA بیمە

ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان

Bema organization for Economic and Social Rights